# هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی وانەی جوگرافیای سروشتیی لە دیدی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرانی خوێندنگەكانەوە

**كوردستان محمد ئازاد[1] - نەبەرد جبار حسن[2]**

[1+2] بەشـــی زانســـتە كۆمەڵایەتییەكـان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی ســـلێمانی، ســـلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە هەڵســەنگاندنی ئەدای مامۆســـتایانی وانەی جوگرافیای ســـروشـــتییە لە ئامادەیی و دواناوەندییەكانی ناوەندی شاری سلێمانی لە تێڕوانینی ســەرپەرشــتیاران و بەڕێوەبەرانەوە بۆ ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بەپشتبەستن بە ڕێبازی وەسفی و شـــیكـاری. كۆمەڵگـای توێژینەوەكە پێكدێت لە ســـەرجەم بەڕێوەبەران و ســـەرپەرشـــتیارانی پەروەردەی لە هەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا كە نمونەی توێژینەوەكە دەگاتە (٤٧) بەشدار بو. بۆمەبەســـتی كۆكردنەوەی زانیارییەكان ســـود وەرگیراوە لە توێژینەوەكانی پێشوی نزیك لەم بابەتە بەشـێوەیەك ناوەڕۆكی فۆرمی ڕاپرسـیی داخراو كە لە دو تەوەری زانســـــتـی (٢٣) بـڕگەو بـواری پەروەردەیش (٣٠) بڕگە بو واتە تێكڕایان (٥٣) بڕگە بو.

لە دوای دەرهێنانی ڕاســتی و دروســـتی پێوەرەكە لەلایەن شـــارەزایـان و پســـپۆڕانەوە و دواتر و دەرهێنانی جێگیریەكەی بەپشتبەستن بە هاوكێشـەی پێرســـون (Pearson) نرخی جێگیری ئـامرازەكە دەهێنراوە، لە دوای جێبەجێكردنی بەســـەر نمونەی توێژینەوەكە شـــیكردنەوەی زانیـارییە كۆكراوەكـان بەكـارهێنـانی ئـامرازو تـاقیكردنەوەكـانی وەك (تاقیكردنەوەی دو ڕێگای ئەنۆڤا بەبێ دوبارەبونەوەو هاوكێشـەی ئاماری ناوەندی شـیاو كێشـی سـەدی و پلەبەنـدی) ئەنجـامی توێژینەوەكە خراوەتەڕو بە بەكـارهێنـانی بەرنـامەی (SPSS). لە گرنگترین ئەنجـامەكـان بریتی لەوەی جیـاوازی هەیە لەنێوان ئەدای مامۆستایان لەڕوی زانستی و پەروەردەییەوە بەشـێوەیەك لایەنە زانسـتییەكان زیاتر لاوازیان تیادا بەدیـدەكرێـت بەراورد بە لایەنە پەروەردەییەكـان، هەروەها جیاوازی نییە لەنێوان ســەرپەرشــتیاران و بەڕێوەبەران لە تێڕوانیـان بۆ ئەدای مـامۆســـتـایـان بەگوێرەی جیـاوازی ســـاڵانی خزمەتیـان بەبەڵگەی ئاماری (كە تیایدا بەهای (P) گەورەتر بو لە بەهای ســتاندارد (٠.٠٥) - (P-value (5. 28) > 0. 05)). كردنەوەی خولی تایبەت و سـیمینارو وۆركشـۆپ بە باشـترین هەنگاوەكان لەقەڵەم دەدرێن بۆ نەهێشـتنی لاوازییە زانستی و پەروەردەییەكانی مامۆستایان.

**كلیلە وشـــەكان:** هەڵســـەنگاندن، ئەدای وانەوتنەوە، ســـەرپەرشـــتیـاری پەروەردەیی، خـوێـنـدنگە ئامادەییەكان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2
**Received:** 26-Mar-2022
**Accepted:** 25-July-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
kurdistan.azad@univsul.edu.iq
nabard.hassan@univsul.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## ١. ناساندنی توێژینەوەکە:

### ١. پێشەکی:

فێرکردن کارێکی پەروەردەییە بەرەو ئامانجێک ئەڕوات هەمو روەکان دەگرێتەوەو پێویستە هەریەکە لەمامۆستا و خوێندکار هەروەها بەڕیوبەرایەتی خوێندنگەو خێزان و کۆمەڵ بەشداری بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، ئەمڕۆ جیهان پێشکەوتنێکی زانیاری و تەکنەلۆژییای خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و بەردەوامیش لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەدا دەبێت مامۆستا بەباشترین شێوە ئامادەبکرێت بۆئەوەی هەمو ئامرازە فێرکارییەکان بەکاربهێنێت لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتی و تایبەتەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن (طعیمە، ١٤٢٠:٣٣). لە بەدیهێنانی پەروردەو فێرکردندا پێویستە خوێندکار بکرێت بە چەق و هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕونادات ئەگەر خوێندکار نەکرێتە تەوەری سەرەکی و کەسایەتیان پارێزراو نەبێت، هەروەها لەڕوی جەستەیی و دەرونییەوە سەرکوت نەکرابێت (قەرەداغی، ٢٠٠٥: ١٣).

بەگشتی هۆکاری سەرەکیی دواکەوتنی کۆمەڵگە گرنگی نەدانە بەپرۆسەی پەروەردەو هەر خودی پەروەردەش نەبوەتە پرۆسەیەکی ئامانجدار تاکو بەهۆیەوە زەمینەیەکی گونجاو بۆ پەروەردەکردنی تاک بێتەئاراوە، پەیوەندییەکی عەقڵانی لەنێوان تاکەکاندا ڕوبدات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان و تەنانەت بەڕێوبردنی سیستەمی سیاسی و کارگێری دەوڵەت ڕێکبخرێتەوە، گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەمانە چاوخشاندن و بەراوردێکە لەنێوان ڕێژەی سەرکەوتن لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکان (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٣٨).

پەروەردەکردنی فێرخوازان لە هەمو ڕویەکەوە ئەوەیە کە مامۆستای سەرکەوتو تەنها گرنگی بەلایەنی (مەعریفی و زانستی) فێرخوازان نادات، بەڵکو بەرپرسە بەسەر لایەنی (ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی) فێرخوازەکان، لەبەرئەوە پێویستە مامۆستا بەردەوام سەرچاوەی ڕۆشنبیری جیاواز بخوێنێتەوە تاوەکو لە پیشەی مامۆستایەتی سەرکەوتو بێت و ئەرکەکانی مامۆستا جێبەجێ بکات، گرنگی بە داهێنان و دۆزینەوە ئەکادیمییەکان بدات بۆ ئەوەی

شارەزایی لە داهێنان و پێشکەوتنەکانی جیهان هەبێت و سەرچاوەی نوێ بخوێنێتەوە بەتایبەتی لە پسپۆڕی خۆیدا (قادر، ٢٠١٤ :٧١).

هەوەها وانەوتنەوە یەکێکە لە کارەکانی مامۆستا بە ئامانجی کارئاسانی کردنی فێرخواز بۆ فێربون کە لە چەند بنەمایەکی سەرەکی پێکدێت لەوانە پلاندانان، جێبەجێکردن هەڵسەنگاندن، لەبەرئەوە وانەوتنەوە پیشەیەکی وردکارییە، پێویستی بە ئامادەسازی تەواو هەیە پیشەیەک نییە کە هەرکەس مەعریفەو توانای هەبو بتوانێت پێی هەڵبستێت. ئامانجی وانەوتنەوە چاککردنی ڕەفتارەو دەبێت فێربونی ڕاستەقینە هاوشانی وانەوتنەوە بێت، ئەگەرنا گرنگی و مانای خۆی لەدەستدەدات، بە وانەوتنەوە دانانرێت. هەروەها پێوستی بەکارامەیی و توانای باش هەیە بەشێوەیەک باشترین دەستکەوتی فێرکاری پەروەردەیی بەدیبهێنیت (سیوەیلی، ٢٠١٧: ١٤).

لەبەرئەوەی مامۆستا وەک فاکتەرێکی گرنگ لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا دیاریکراوە و سەرکەوتن و خەسڵەتەکانی مامۆستا پەیوەندی بەلایەنی زیرەکی و هونەری و جێبەجێکردنی ئەدای مامۆستاوە هەیە، کەواتە نەبونی لێهاتویی و توانای کەسی مامۆستا گرفتەو پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

## کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەوەی لەلایەک ئەنجامی هەندێ توێژینەوە کە لەسەر ئەدای مامۆستایانی قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی ئەنجامدراون بەناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتوکی جوگرافیای سروشتیی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی لەڕوی زانستی و پەروەردەییەوە لە تێڕوانینی مامۆستایان و پسپۆڕانەوە) و دەریدەخەن کەموکورتی و لاوازی بەدیدەکرێت لە ئەدای مامۆستایاندا بەشێوەیەک کاریگەری نەرێنی بەجێهێشوە لەسەر گەیاندنی بابەتەکانی پەرتوکی خوێندنگەو ئاڕاستەکردنێکی پەروەردەییانەی فێرخوازان، هەروەها لەلایەکی دیکەوە لە توێژینەوەی ڕابردوی توێژەراندا ئەوە دۆزراوەتەوە پەرتوکی خوێندنگە (جوگرافیای سروشتیی پۆلی یازدەیی وێژەیی) هەڵەو کەموکورتییەکی زۆری تیادایە لەڕوی زانستی و پەروەردەییەوە، بۆیە توێژەران مەبەستیانە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیان بۆدەربکەوێت کە:

- تێڕوانینی سەرپەرەشتیاران و بەڕێوەبەران لەسەر ئەدایی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای سروشتی و لەڕوی زانستی و پەروەردەییەوە چییە؟
- جیاوازی تێڕوانینی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەران بەپێی گۆڕاوی ئەزمون و ساڵانی خزمەت چییە؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تیشک خستنەسەر ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەییە ئەویش وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای سروشتیی قۆناغی یازدەی ئامادەییە بۆیە دەتوانین گرنگییەکەی لەم چەند خاڵەدا بخرێتەڕو:

١. دۆزینەوەی ئەو کێشە و گرفتانەی لە وتنەوەی بابەتی جوگرافیای سروشتی قۆناغی یانزەی ئامادەیی هەیە.

٢. سودبەخشە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستان تا ئاگاداربن لە ڕەوشی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای سروشتیی قۆناغی یازدەی ئامادەیی.

٣. سودی هەیە بۆ مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای سروشتیی قۆناغی یازدەی ئامادەیی تا بتوانن شارەزاو بەئاگابن لەو لێهاتوییانەی وانەوتنەوە، کە پێویستە مامۆستا بەرجەستەی بکات لە کاتی وانەوتنەوەدا.

٤. بۆ توێژەران کە لە ساڵانی ئایندەدا توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجام دەدەن تا بتوانن سود لە هەنگاوەکانی وەربگرن.

٥. گرنگە وەک سەرچاوەیەکی زانستی لەسەر بابەتێکی پەروەردەیی.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە نوسین و ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١. هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی وانەی جوگرافیای سروشتی لەڕوی زانستییەوە لە تێڕوانینی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرانی پەروەردەییەوە.

٢. هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی وانەی جوگرافیای سروشتی لەڕوی پەروەردەییەوە لە تێڕوانینی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرانی پەروەردەییەوە.

٣. زانینی جیاوازی بۆچونەکانی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرەکان لەسەر ئەدایی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی (خزمەت).

## سنوری توێژینەوەکە:

یەکەم: سنوری ئەکادیمی: هەڵسەنگاندنی ئەدای وانەوتنەوەی مامۆستایانی جوگرافیای سروشتی.

دوەم: سنوری مرۆیی: کارکردن لەسەر تێڕوانینی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەرانی خوێندنگا.

سێیەم: سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١.

چوارەم: سنوری جوگرافی- خوێندنگا ئامادەییەکانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناوەندی سلێمانی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

## ٢. دیاریکردنی چەمکەکان:

**١.٢ هەڵسەنگاندن:** لە پێناسەی عەزیز (٢٠١٤: ١٣): هەڵسەنگاندن (Evaluation) پرۆسەیەکی گرنگ و بەردەوامە مەبەست لێی نرخاندنی ئامانجەکانی وانەوتنەوەیەو ڕێگای فێرکاری و پرۆگرام ئامرازەکانی فێرکارییە کە لە هەمو ئەمانە مەبەست چەندێتی بەدیهاتن یان بەدیهێنانیەتی (عەزیز، ٢٠١٤: ١٣).

**پێناسەی قادر (٢٠١٦: ٧٢):** هەڵسەنگاندن، بریتییە لە پرۆسەیەکی سیستەماتیکی لەلایەن کەسانی پسپۆر و کارامەوە پراکتیزەدەکرێت بۆ گەیشتن بە ئەنجام و تێگەیشتنێکی دیاریکراو کە پێشتر پلانی بۆ دانراوە، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ئەو گریمانانەی پەیوەندیان بە ئاستی ئەو فێرخوازەوە هەیە و هەڵیدەسەنگێنین بۆئەوەی ڕفتارەکانی دیارییبکەین و ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتی کارلێکردنی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و مەعریفەی سەردەم و زانیارییەکانی ناو پرۆگرامەکانی خوێندن دیارییبکەین.

**پێناسەی ڕێکاری:** کۆمەڵێک ڕێکاری دروستە ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی بڕیاردان لە ئاستی بەدیهێنانی ئامانجی دیارکراو، بڕیاردانە لەو نمرانەی کە دەستەبەر دەبێت لە فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی توانستی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا.

**٢.٢ وانەوتنەوە:** لە پێناسەی محسن (٢٠٠٨): بریتییە لە ئەرکێکی گران و ئاڵۆز و پیشەیەکی هونەری ورد، کە پێویستی بە مەعریفەیەکی جۆراوجۆرو توانا و لێهاتویی بەرزو کۆمەڵێک چالاکی لێکدراو هەیە، ئەرکێکی گشتی نییەو بە تەنها بەمانای گواستنەوەی زانیاری بۆ فێرخواز نایەت. ڕێکارو چالاکییە کە مامۆستا دەیگرێتە بەر بە مەبەستی هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراو (محسن، ٢٠٠٨ :٢٥).

هەروەها لە پێناسەی حسن (٢٠١٢): بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاوی یەک لەدوای یەک کە جێبەجێدەکرێت لەناو پۆلدا بەمەبەستی گەیاندنی زانست و زانیاری بە فێرخوازەکان بە ئاستێکی بەرز لە فێربون و فێرکردنیان بۆ هەندێک زانیاری و مەعریفەو هەندێک کارامەیی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا (حسن، ٢٠١٢: ٢٤).

سەرەڕای ئەوەش لە پێناسەی ڕەسوڵ (٢٠١٤) وانەوتنەوە کۆمەڵێک چالاکی و ڕەفتارە کە مامۆستا دەینوێنێ لە پێناوی دروستکردنی ژینەگەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری و زانستییانە کە باشترین دەستکەوتە لە کاتی ئەرکی پیشەیی مامۆستا لە ئەنجامی پیادەکردن و پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بەپلانێکی توکمەی سەرکەوتوەوە (ڕەسوڵ، ٢٠١٤ :٧٤).

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لەو هەنگاوە پەروەردەیی و زانستیانەی کە مامۆستایانی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی لەناو پۆل جێبەجێیان دەکات بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییەکانی بابەتی جوگرافیا لە کەشێکی پەروەردەیدا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

**٣.٢ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:** السعود (٢٠٠٢) پێناسەی کردوە بە چالاکییەکی پەروەردەی ڕێکخراوە و بەردەوام کە لەلایەن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەنجام دەدرێت بە ئامانجی باشکردرنی لێهاتوییەکانی مامۆستا و گەشەپێدانی فێرخوازان، پەرەسەندنی بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە بە شێوازێکی گشتی (السعود، ٢٠٠٢: ٢١).

ڕێکاری: بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە بە ئامانجی چاودێریکردنی دۆخی خوێندن لە سلێمانی بۆ باشکردنی لێهاتویی مامۆستاو چاودێریکردنی ئاستی فێرخوازان و پرۆگرامی خوێندن لە ڕێگای دیاریکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکان و باشترکردن و بەرەوپێشتر بردنیان لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن.

**٤.٢ جوگرافیا**: دیبلیج و ناتۆلیا (de Blij. 2007; Natolia،1994) جوگرافیا بەوە پێناسە دەکەن کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زەوی، خەڵک، شوێنەکان و ژینگە، واتە ئەو زانستەیە بایەخ بە تایبەتمەندییە سروشتیی و مرۆییەکان و سەرجەم کارلێک و کاریگەرییەکانی نێوانیان دەدات، وەک ئەوەی هەندێک لەسەرچاوەکاندا هاتوە (Gritzner، 2004، and Jerome، 2005; Getis،2002; Rubenstein) ئەم زانستە بە هەردو لقە سروشتیی و مرۆییەکەوە لە کۆمەڵێک لایەن و دیاردە دەکۆڵێتەوە لەوانە: (شوێن، کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگە، هەرێمەکان، شوێن، جموجۆڵ و گواستەوە و گۆڕان).

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لەو زاستەی لێکۆڵینەوە دەکات لەسەرجەم لایەن و هۆکارە **مرۆیی** (دانیشتوان، ئابوری، سیاسی، سەربازی، خزمەتگوزاری، پیشەسازی) و **سروشتییەکان** (گەردون، زەوی و ژینگەی سروشتیی، بەرگە هەوا، جیۆمۆرفۆلۆجی، جیۆلۆجی، ئاو، وزە) و لە پەیوەندی و کارلێکی نێوان ئەم دو لایەنە لەگەڵ یان لەسەر یەکتر و پێکەوە لەگەڵ مرۆڤ و چالاکیەکانی.

**٥.٢ جوگرافیای سروشتیی:** لە پێناسەی علاوی (٢٠١٠): بریتییە لە لێکۆڵینەوەو بەدواداچونی دیاردە سروشتییە نازیندوەکان لەسەر پانتای زەوی وەک بەرد، خاک، بەرزونزمی، بەرگەهەواو، دەریاو زەریاکان.

هەروەها لە پێناسەی ابو سمور وغانم (٢٠١٢): بریتییە لە زانستی لێکۆڵینەوە لە ژینگەی سروشتی بۆ مرۆڤ، کە لە دیاردەو ڕوخسارە سروشتییەکانی سەر ڕوی زەوی لەڕوی دابەشبونی ئاوو وشکانی و بەرزونزمی تایبەتمەندییەکانی و ئەو دیاردانەی کە پێوەیەوە پەیوەستە، و لە تایبەتمەندییەکانی ئاووهەواو دیاردە کەشییەکان و دابەشبونی جوگرافیایی دەکۆڵێتەوە، هەروەها گرنگی دەدات بە پۆشەری ڕوەکی و زیندەگی و دابەشبونیان لەسەر ڕوی زەوی، ئاوو سەرچاوەکانی و جوڵەو تایبەتمەندییەکانی، هەروەها لە سیفات و جۆرەکانی و پۆلێنەکانی و تایبەتمەندییەکانی و دابەشبونی جوگرافیایی دەکۆڵێتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لە زانستی لێکۆڵینەوە لە دیاردە سروشتییەکان (ئاووهەوا، زەوی و خاک، بەرزونزمی، ئاو و سەرچاوەکانی، جیۆلۆجی، جیۆمۆرفۆلۆجی و ژینگەی سروشتیی) و پەیوەندی و کارلێکی نێوانیان و کاریگەرییەکانیان لەگەڵ/ لەسەر یەکتری (لە ئاستی ناوچەی یان هەرێمی یان جیهانی بێت، هەروەها لەماوەی کورت یان مامناوەندی یان ماوەدرێژدا بێت)، هەروەها لە کاریگەری و کارلێکی نێوان تایبەتمەندییە سروشتییەکان لەسەر مرۆڤ و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دەکۆڵێتەوە.

## ٣. ئەدەبیاتی توێژینەوەکەو توێژینەوەکانی پێشو:

### ١.٣.چەمکی هەڵسەنگاندن:

هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکە کۆمەڵێک چالاکی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی شیکارییەکان و وەرگرتنی زانیاری لەسەریان بە ئامانجی وەرگرتن و بڕیاردان لەسەریان. بریتییە لە دیاریکردنی بەهای شتەکان هەر ئەویش چاودێری مەودای سەرکەوتنی کارو پرۆژەکان بکات. مرۆڤ هەڵسەنگاندنی بۆ شێوەی جیاواز بۆ شتەکان بەکارهێناوە لەو کاتەوە ویستی بگاتە هیواو مەبەستەکانی و هەوڵیداوە پێیان بگات، هەڵسەنگاندن بنچینەو یارمەتیدەری کارای کاری پەروەردەو فێرکردنە هەر لەبەرئەوەش ڕۆڵی گەورەو گرنگ دەبینێت لە بواری پێشکەوتن و گەشەی فێرکردندا (عثمان، ٢٠٠٥ : ٦ – ٧).

پرۆسەی هەڵسەنگاندن جەخت لەسەر خودی مامۆستا دەکاتەوە، لەبەرئەوەی مامۆستا یەکێکە لە تەوەرە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەردە، بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر ئاستی لێهاتویی و کارامەیی مامۆستا لە جێبەجێکردنی پرۆسەی پەروەردەدا، بڕیاردان لەسەر لێهاتویی و کارامەیی مامۆستا لە وانەوتنەوەو بەرجەستەکردنی ئامانجی دیاریکراوی پرۆسەی پەروەردەو دیاریکردنی نزیکی و دوری لە نمونەی باڵای مامۆستایەتی کە پەیوەندی بە سیماو تایبەتمەندی پیشەیی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی مامۆستاوە هەیە (ڕەسول، ٢٠١٤: ٨٦).

### ٢.٣. هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە ڕوی ئامانجە فێرکارییەکان:

بە گشتی ئامانجی سەرەکی پرۆسەی وانەوتنەوە، بریتییە لە بەرجەستەکردنی گۆڕانکاری ڕەفتاری خوازراو لە خوێندکاردا، ئیتر ئەو گۆرانە لەلایەنی عەقڵی بێت وەک مەعریفە و هەڵێنجان و ڕەخنەو ڕێگاکانی بیرکردنەوە، یان لەلایەنی هەڵچونی و ویژدانی بێت وەک پێزانین و چێژوەرگرتن و هەستپێکردن، یان لەلایەنی جوڵەیی و لێهاتوییەوە بێت، وەک لێهاتوییە کردەییەکان. کارایی وانەوتنەوەش لەسەر ئەو گۆڕانکاریە ڕەفتارییە خوازراوانە وەستاوە کە لە خوێندکاردا ڕوودەدەن (محمود، ٢٠٠٥: ٣).

چەمکی وانەوتنەوە ئاماژەیە بەپرۆسەیەکی مەبەستداری ڕێکخراو کە لە ڕێگەیەوە ڕەگەزەکانی پرۆسەی وانەوتنەوە (مامۆستا و خوێندکار و پرۆگرام) کارلێک دەکەن و بەگوێرەی ڕێوشوێنی پرۆسەیەکی پلان بۆ دارێژراو بە ئەنجام دەگات و ئامانجی هێنانەوەی خواست و مەبەستێکە لای تاکە کەس، دیارە لایەنێکی ڕەسمی پسپۆڕ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

سەرپەرشتی جێبەجێکردن و پلان بۆ داڕشتنی و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، وانەوتنەوە بە یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەروردە دادەنرێت کە لە ڕێگەیەوە ئەو مەبەست و ئامانجانە بەدی دێت کە سیستەمی پەروەردەیی هەوڵدەدات لای تاکەکانی کۆمەڵگە بەدیبهێنێ، بۆیە بەدیهێنانی ئامانجەکان لای خوێندکاران دەبێت چاودێری پرۆسەی وانەتنەوە بکرێت لەڕوی داڕشتن و جێبەجێکردنی و هەڵسەنگاندنییەوە دەستکاری بکرێت بەو هۆیەوەشەوە داڕشتن و بونیادنانی نمونەی وانەوتنەوەی کارا دەبێتە پێویستییەکی داواکراو. (الزغلول، ٢٠١٢: ٣٤٤).

### ٣.٣. هەڵسەنگاندنی مامۆستا لەڕوی پلانی وانەوتنەوە :

بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاوی پێشبینیکراوی عەقڵی بۆ ئەو کارامەیی و چالاکیانەی پێویستە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ئەنجام بدرێن یان جێبەجێبکرێت لە کات و شوێنی دیاریکراو بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان، بە بەکارهێنان و سودبینین لە هۆکار و ئامڕاز و تەکنەلۆژیای فێرکاری بە کەمترین هەوڵ و تێچون. (قادر، ٢٠١٨: ٦٢)

**٤.٣. هەڵسەنگاندنی مامۆستا لەڕوی هۆکاری فێرکردن:** بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا وابەستەیە بە هەڵبژاردنی شێوازێکی گونجاو بۆ گەیاندنی زانیاری، چونکە شێوازی وانەوتنەوە خاڵێکی گرنگە و گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە تاکو بتوانرێت بابەتەکانی خوێندن بەسودبن بۆ خوێندکار، هەروەک چۆن کاتێک پەروەردە گرنگیدەدات بە ئامڕازەکانی فێرکاری لە ڕاستیدا ئەو گرنگیپێدانەوەی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە بەشێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی مەنهەجی خوێندن، بەڵام ئەو بانگەوازانە لەلایەن ئەوانەی سەرپەرشتیاری پرۆسەی خوێندن دەکەن بە گرنگی وەرناگیرێت بەتایبەتی سەبارەت بە پشتبەستن بە ئامرزاکانی خوێندن، ئەوانەی بەردەستن، لە کتێبەکانی خوێندن و وێنە ڕونکارییەکان مامۆستایان بەو پێودانگەی هەر یەک لەوانە بابەتێکی فێرکارین و کەمتر نین لە بابەتی خوێندنەکە خۆی وەک ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی (کاظم، ٢٠٠٤ : ٤٥) دەریدەخات.

ئەو کەرەسە پێکهاتە دروستکراوەیە کە گونجاوە بۆ شێواز و ئاستە جیاوازەکانی فێرکردن کە فێرکەر بەکاریدەهێنێت بۆ فێرخوازەکان لە ڕێگەی زانیار و ئەزمون و زیرەکی خۆیەوەو یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوە و شیکردنەوەی بیرو جێگیربونی پرۆسەی هەستکردن هەروەها دەبنە هۆی گەشەکردنی ئاستی زیرەکی خوێندکار (الکلوب، ١٩٩٣ : ١٠٥).

**٥.٣. هەڵسەنگاندنی مامۆستا لەڕوی بەڕێوەبردنی پۆل:** پرۆسەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنە، ڕێکخستنە دسیپلینە، ڕێنمایکردنە، بەدواداچونە، هەڵسەنگاندنە، گەیاندنی بابەتە بە خوێندکار. کارلێکی نێوان مامۆستاو خوێندکارە، بە تەنها لەوەدا کورت هەڵنایەت کە بریتبێت لە بێدەنگکردنی خوێندکاران و پۆلێکی هێمن، بەڵکو ئەوەی گرنگە بەدیهێنانی ژینگەیەکی تەندروستە کە تێدا پرۆسەی فێرکردن و فێربون بە سەرکەوتویی بێتەدی (سیوەیلی، ٢٠١٧: ٨٩). بە مانایەکی دیکە وانەوتنەوە کۆمەڵێک چالاکی و ڕەفتارە، کە مامۆستا دەینوێنێت لەپێناو دروستکردنی کەشێکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

کۆمەڵایەتی و زانستی بۆ دەرخستنی باشترین دەستکەوتی فێرکاری و پەروەردەیی ئەمانەش لە ئەنجامی پیادەکردنی و ئەداکردنی و دەربڕینی دەنگ و جوڵەکانی فێرکارەوە دێنەدی، هەروەک چۆن شانۆکارێک لەسەر تەختی شانۆ بە دەنگ و جوڵە سەرنج ڕاکێشەکان گوزارشت لەوە دەکات کە دەیەوێت بیگەیەنێتە بینەر، لەبەرئەوەیە کە دەوترێت مامۆستایەتی (زانست و هونەرە)، زانستە بەو مانایەی کە هەر مامۆستایەک لە بواری پسپۆریەکەی خۆیدا ئەوەندە زانستی لایە بتوانێت کاتەکانی وانەکەی پێ بەسەربەرێت، بەڵام بێگومان بە تەنها بونی زانیاری و دەوڵەمەندی لە زانستەکەیدا بەس نییە، بەڵکو چۆنییەتی گەیاندنی زانیاریەکانیش گرنگ و تەواوکەری پیشەی مامۆستایەتیە کە لایەنە هونەرییەکانی وانەوتنەوە دەگرێتەوە وەک چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن و دەستەبەرکردنی دەنگ و کەسایەتی و شێوازی وانەوتنەوەو جۆری پەیوەندی لەگەڵ فێرخوازان و ئارەزوی بۆ پیشەی مامۆستایەتی، لەبەرئەوە مەرج نییە ئەو مامۆستایە لە پسپۆریەکەی زیرەک لێهاتو و مامۆستایەکی باش بێت و توانای پێگەیاندنی فێرخوازەکانی هەبێت، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، لەبەرئەوە پێویستە مامۆستا چەندە بایەخ بەلایەنی زانستی دەدات لایەنە هونەریەکانیشی لەبەرچاوبێت بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی دەرونی ئارام و پڕ چێژی فێرکاری و پەروەردەیی (رسول، ٢٠١٤: ١٢).

**٦.٣. هەڵسەنگاندنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە:** یەکێکە لە هۆکارەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکانی مامۆستا ڕێگاکانی وانەوتنەوەیە کە هۆکاری سەرکەوتنی لە کارەکەی بۆ سازدەکات ئەمەش لەبەرئەوەیە بەدیهێنانی ئامانجە جیاجیاکان پێویستی بە ڕێگای هەمەچەشن وشێوازی جۆراوجۆر هەیە. هەر گروپێکی قوتابییان پێویستی بەڕێگایەکی ئەو تۆ هەیە کە لەگەڵ ئاستەکانیدا بگونجێ و هاوشانی تواناکانیان بێت. ئەوەندەی مامۆستا شارەزای پێداویستی و شارەزایی پێشوتری قوتابیەکانیەتی، سەرکەوتو دەبێت لە دیاریکردنی شێوازی گونجاو بۆ ئەم پێداویستیی ولێهاتویانەی هیوا و ئاواتەکانیان دێنێتەدی، بێگومان بۆیە فێربون بە دۆزینەوەو داهێنان بۆ نمونە ئەو شێوازانەی کە قوتابی ئارەزومەندی دەکات بۆ خوێندن هەروەک چۆن شێوازی ناڕاستەوخۆ لە فێرکردن لەلای ئەوان باشترە لە شێوازی ڕاستەوخۆ بێگومان مامۆستای پسپۆڕ لە بواری شێوازەکانی وانەوتنەوە و تەکنەلۆژیای پیشکەوتو هاوچەرخ وانەکان زۆر خۆشترو بەسودتر دەبێت (ئەمین، ٢٠١٥ :٣٠ – ٣١).

## ٤. توێژینەوەکانی پێشو:

**١.٤. توێژینەوەی اسماعیل ( ٢٠١٨)** بە ناونیشانی (تقویم مهارات تدریس التكنولوجيا لدى الطلبة المعلمين بالجامعة الإسلامية في ضوء المعايير العالمية للأداء) بە ئامانجی زانینی ئاستی لێهاتوییەکانی (پلاندانان، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن) لە وانەوتنەوەی تەکنەلۆجیا ئەنجامدراوە. توێژەر ڕێبازی (وەسفی شیکاری) بەکارهێناوە. لەژێر ڕۆشنایی پێوەرێکی جیهانی (٤٦) کە جێبەجێکرا بەسەر (٣٥) خوێندکاری مامۆستا لە زانکۆی غەزە، کۆمەڵگەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

توێژینەوەکە (٩٣) خوێندکار بو. لە ئەنجامدا دەرکەوت ئاستەکانی لێهاتوییەکانی (لە پلاندانان ٪٦٧، جێبەجێکردن ٪٧٠، لە هەڵسەنگاندن ٪٦٥).

### ٢.٤. توێژینەوەی جبوری (٢٠٠٩):

بەناونیشانی (تقويم أداء عضوى هيئة تدريس التاريخ في ضوء التدريس الفعال) ئەنجام دراوە ئامانجی توێژینەوەکە بۆ هەڵسەنگاندنی دەستەی وانەبێژانی بابەتی مێژو لەژێر ڕۆشنایی وانەوتنەوەی چالاک لە زانکۆی (کەربەلا) لە کۆلێژی پەروەردە لە ڕوانگەی خوێندکاران، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەسەرجەم خوێندکارانی بەشی مێژو کە پێکدێت لە (٣٥٥) خوێندکاری کوڕو کچی بەیانیان، توێژەر بەشێوەی مەبەستدار (٩١) خوێندکاری دیاریکرد. بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی ڕاپرسیەکی داخراو کە لە (٧) بوار پێکدێت (ئامانجە پەروەردەییەکان، ئامانجە فێرکارییەکان، پلانی هاوچەرخ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارە فێرکارییەکان، بەڕێوەبردنی پۆل، تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی مامۆستا، هەڵسەنگاندن). دواتر بۆ شیکردنەوەی داتاکان توێژەر چەند کەرەستەیەکی ئاماری بەکارهێنا وەک (ناوەندی ژمێرەیی، هاوکێشەی الفا کرۆنباخ، لادانی پێوەری، کێشی سەدی)، لە ئەنجامدا دەرکەوت ئاستی وانەوتنەوەی مامۆستایانی مێژو لە ئاستێکی لاوازدایە بەپێی پێوەرەکان کە جیاوازی نییە لە ڕای خوێندکاران بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز).

### ٣.٤. توێژینەوەی الاسدي و العرنوسي و حربي (٢٠٠٩):

بە ناونیشانی (المهارات التدريسية اللازمة لمدرسي و مدرسات اللغة العربية في المرحلة الإعدادية من وجهة نظرهم). توێژەران سەرجەم مامۆستایانی ڕەگەزی نێرو مێ بابەتی زمانی عەرەبی لە بابل وەرگرتوە کە تێکڕایان دەکاتە (٢٢٠) مامۆستا. توێژەران لەو ژمارەیە (١١٠) مامۆستایان وەرگرتوە وەک نمونەی توێژینەوەکە. لەم توێژینەوەیەدا پرۆگرامی وەسفی بەکارهێنراوە. پاشان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە توێژەران ڕاپرسی کراوەیان ئامادەکرد لەسەر ئەو لێهاتوییانەی کە پێویستە هەبن لەمامۆستایاندا لەکاتی وانەوتنەوەدا. پاشان ڕاپرسی داخراو بونیادنرا کە لەم بوارانە پێکهاتوە (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەی پۆل، پلان، هەڵسەنگاندن، لایەنی زانستی، فەلسەفە، جێبەجێکردنی وانەوتنەوە). بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ڕاپرسیەکە توێژەران ڕاستگۆی و جێگرییان بۆ دەرهێنا. هەروەها بۆ شیکردنەوەی داتاکان کەرەستەی ئاماری (کێشی سەدی، هاوکێشەی پیرسون، ناوەندی شیاو) لە ئەنجامدا دەرکەوت کە لێهاتوییەکانی مامۆستایان لە ئاستێکی پەسەند دایە، هەروەها زۆربەی مامۆستایان خاوەنی شێوازێکی تایبەت بەوانەوتنەوەن.

### ٤.٤. گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوتر:

١. توێژینەوەکانی پێشو بە تایبەتی توێژینەوەکەی اسماعیل و جبوری باس لە هەڵسەنگانی پرۆسەی وانەوتنەوە دەکەن کە نزیکن لە توێژینەوەکەی ئێستا، ناونیشانەکانیان هەڵسەنگاندنی لێهاتوەکانی وانەوتنەوە لە وانەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

تەکنەلۆجیا لەلای مامۆستایانی خوێندکار لە زانکۆی غەزە)، (لێهاتوییەکانی وانەوتنەوەی پێویست مامۆستایانی زمانی عەرەبی)، ( هەڵسەنگاندنی دەستی وانەبێژی بابەتی مێژو لەژێر ڕۆشنایی وانەوتنەوەی چالاک لە زانکۆی کەربەلا).

٢. ئامانجی توێژینەوەکە، هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی وانەی جوگرافیا لە خوێندنگە ئامادەییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی لە تێڕوانینی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرانی پەروەردەییەوە، هەروەها زانینی جیاوازی بۆچونەکانی ماموستایان بەپێی گۆڕاوی(خزمەت).

لە توێژینەوەی (اسماعیل) ئامانجی زانینیی لێهاتوییەکانی وانەوتنەوەی تەکنەلۆجیا بەپێی ئاستەکانی پلان دانان، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن)، بەڵام لە توێژینەوەی (الاسدي) بە ئامانجی زانینی لێهاتوییەکانی وانەوتنەوەی پێویست مامۆستایانی زمانی عەرەبی هەروەها لە توێژینەوەی (جبوری) ئامانجی توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنی دەستی وانەبێژی بابەتی مێژو لەژێر ڕۆشنایی وانەوتنەوەی چالاک لە زانکۆی کەربەلا لە کۆلێژی پەروەردە لە ڕوانگەی خوێندکاران. کەواتە وەک دەبینرێت ئامانجەکان نزیکن لە یەکەوە سەرجەمیان جەخت لەسەر هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە.

٣. شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکان جیاوازن دو توێژینەوەیان لە (عێراق) ئەنجامدراوە ئەوەی تر لە (فەلەستین) ئەنجامدراوە، هەرچەندە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە شوێنی جیاواز ئەنجام دراوە، بەڵام توێژەران سودمەندبون لە پرۆگرام ستایل و وەرگرتنی کۆمەڵگاو ڕێکارییەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە لە توێژینەوەکانی پێشو.

٤. توێژینەوەی ئێستاو ڕابردو، ڕێبازی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان.

٥. هەروەها سەرجەم توێژینەوە باسکراوەکان بۆ پێوانەکردنی تایبەتمەندییەکان فۆڕمی ڕاپرسییان بەکارهێناوە، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی ڕاپرسی دروستکراو لە دو تەوەر (زانستی و پەروەردەیی)، فۆڕمەکە دروستکراوە بەسودوەرگرتن لەسەرچاوە توێژینەوەکانی نزیک لە بابەتەکە لە (٥٣) بڕگە پێکهاتوە.

٦. ئەم توێژینەوەیە بە نزیکەی هاوشێوەیە لەگەڵ سێ توێژینەوەکی پێشو، لەڕوی کەرەستە ئامارییەکان و سەرجەمییان ناوەندی شیاو کێشی سەدییان بەکارهێناوە.

## ٥. ڕێبازو ڕێکارەکانی توێژینەوە:

### ١.٥ میتۆدی توێژینەوەکە:

سەرکەوتن و بەهێزی ئەنجامەکانی هەر توێژینەوەیەک بەستراوەتەوە بەو ڕێبازو ئامرازە بەکارهاتوەکانی توێژینەوەکەوە، ئەگەرچی هیچ کام لە ڕێبازەکان نابنە هەڵە و ناڕاست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕێبازێک لە ڕێبازەکانی توێژینەوە بەگوێرەی مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەبێتە پاڵپشت و خاڵی بەهێزی توێژینەوەکە، لەم ڕوانگەیەشەوە دەردەکەوێت هەتاوەکو توێژەران نزیکتر بن لە ڕێبازە گونجاوەکان (بەتاک یان بەکۆ) بەو ئەندازەیە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

ئەنجامەكانی توێژینەوەكەیان مانادارترو دروستتر دەبێت. بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا هەردو میتۆدی وەسفی و شیكارییان بەكارهێناوە.

میتۆدی وەسفی دیارترین ڕێبازی لێكوڵینەوەی زانستە مرۆییی و كۆمەڵایەتییەكانە بەتایبەت لە بواری پەروەردەو سایكۆلۆژیاو كۆمەڵناسی. بەرفراوانترین میتۆدە تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە كە جەخت لەسەر دیاردەو ڕوداوەكانی ئێستا دەكەنەوە شیكارو لێكدانەوە بەراوردو هەڵسەنگاندن بۆ دیاردەكان دەكەن (بۆكانی:٨٢، ٢٠١٦).

## ٢.٥. كۆمەڵگای توێژینەوەكە:

بەگوێرەی بەیبڵ (Babble،106 :1986) كۆمەڵگەی توێژینەوە بەوە دەناسێنرێت كە هەمو ئەو تاكانە یاخود ئەو گروپە دەگرێتەوە كە هەڵگری زانیاری دیاریكراوی توێژینەوەن. كەواتە كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش سەرجەم بەڕێوەبەری ئامادەیی و دواناوەندییەكان (كەپێكهاتبون لە ١١٠ كەس) و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی (كە ١١٦ كەس بون) لە هەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی دەگرێتەوە، كە سەرجەمیان (٢٢٦) سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەر بو لە هەردو پەروەردەكە بەتایبەتی ئەو خوێندنگەیانەی وانەی جوگرافیای سروشتی تیایاندا دەخوێندرێت (ئاماری بڵاونەكراوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، ٢٠١٩ – ٢٠٢٠).

## ٣.٥. نمونەی توێژینەوەكە:

توێژەران لەدوای دیاریكردنی كۆمەڵگەی توێژینەوەكەیان هەستان بە دیاریكردن و هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەكە بەشێوەیەک نمایشی هەمو كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بكات (الحسن و زوینی، ١٩٨٨). لەم ڕوانگەیەوە توێژەران نمونەی لێكۆڵینەوەكەیان بەشێوەیەكی هەڕەمەكی (عشوائی)ی سادە هەڵبژارد بەڕێژەی نزیک كراویی (٢١ ٪) لە كۆی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە كە (٤٧) بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیار بون لە دواناوەندی و ئامادەییەكانی سنوری هەردو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی (سەیری خشتەی (١) بكە).

| خشتەی (١) دابەش بونی نموونەی توێژینەوەكە بەپێی گۆڕاوی خزمەت | | |
|---|---|---|
| سالانی خزمەت | لە خوار ١١ سال | ١١ |
| | ١١ بۆ ١٦ سال | ٢٤ |
| | لە ١٦ سال زیاتر | ١٢ |
| | كۆی گشتی | ٤٧ |

## ٤.٥. ئامرازەكانی توێژینەوەكە و شیكردنەوەی زانیارییەكان:

بۆ دیاریكردن و ئامادەكردنی ئامرازەكانی توێژینەوەكە، توێژەران پشتیان بە خوێندنەوەی سەرچاوەكانی ڕابردو (نم/ الطیبی، ٢٠٠٥؛ المصری، ٢٠٠٧؛ ابو حامد، ٢٠١٣) و هەروەها ڕاو سەرنج و تێبینییەكانی شارەزایان و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

پسپۆڕان بەست بۆ ئەوەی ڕاپرسییەکی گشتگیرو ورد دروست بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش ڕاپرسییەکی داخراویان دروستکرد کە پێکهاتبو لە دو بواری سەرەکی بەشێوەیەک بواری زانستی لە (٢٣) بڕگە بو، هەروەها بواری پەروەردەیش لە (٣٠) بڕگە پێکهاتبو واتە بەکۆی گشتی فۆڕمەکە لە (٥٣) بڕگە پێکهاتبو (سەیری خشتەی (٢) بکە).

خشتەی (٢) ڕونکردنەوەی دابەشبونی بڕگەکانی ڕاپرسیەکە بەسەر بوارە زانستی و

| ژمارە | بوار | ژمارەی تەوەرەکان |
|---|---|---|
| ١ | زانستی | ٢٣ |
| ٢ | پەروەردەیی | ٣٠ |

زیاد لەوەش، توێژەران ڕاپرسییەکەیان بەسەر پێوەرێکی پێنج (٥) ئاستیدا دابەشکردوە (وەک زۆر کەم، کەم، مامناوەندی، زۆر، بەڕادەیەکی زۆر زۆر) بەشێوەیە پلەبەندی (١ بۆ ٥) یان دابو بەپێوەرەکە (سەیری خشتەی (٣) بکە). سەرەڕای ئەوانەش، توێژەران ڕاپرسیەکەیان جێبەجێکرد لە بەسەر نمونەی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا،

توێژەران لەپاڵ کۆکردنەوەی زانیاریە چەندێتییەکان هاوکات هەوڵی زانیاریە چۆنییەتیەکانیشان داوە ئەوەش بە بەکارهێنانی ئامرازی چاوپێکەوتن، بۆ ئەم هەنگاوەش توێژەران دەستەیەک لە پرسیاری هاوپەیوەندی بە ئامانج و بڕگەکانی ڕاپرسی توێژینەوەکەیان بەشێوەی کراوە ئامادەکردو دواتر چاوپێکەوتن لەگەڵ (٥) کەس لە نمونەی توێژینەوەکەدا ئەنجام دراوە. چاوپێکەوتنەکان لە کاتی دەوامی ئاساییدا بوەو لە شوێنی هەڵبژێردراوی چاوپێکەوتن لەگەڵکراواندان بوە، هاوکات جگەلەوەی چاوپێکەوتنەکان لە ئاستی تاکدا ئەنجامدراون لەگەڵ ئەوەشدا هەر چاوپێکەوتنێکیش لەنێوان (١٠ –١٥) خولەکی خایاندوە.

لەلایەکی دیکەوە توێژەران بە خەمخۆریان بۆ زوتر بەجێگەیاندنی توێژینەوەکەیان و حسابکردن بۆ ئەو ئاگادارکردنەوەو باس و خواسانەی لەبارەی وەستانی دەوامی فەرمیەوە دەکرا هاوکات جگە لە جێبەجێکردنی ڕاپرسیەکە بە پراکتیکی لەنێو ئامادەی و دواناوەندییەکانی سەربە هەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانیدا، توێژەران پەنایان بردوەتە بەر سودوەرگرتن لە هۆکارە ئەلیکترۆنی ئینتەرنێتیەکان وەک ئەوەی سودیان وەرگرتوە لەسەرچاوەکانی ئینتەرنێت بە وەرگێڕانی ڕاپرسیە بۆ شێوەی (Survey Monkey)، هەروەها توێژەران لە بەکارهێنانی بەرنامەکانی سۆشیال میدیا (وەک ڤایبەر، مسینجەر، سکایپ) سودیان وەرگرتوە بۆ گفتوگۆکردن و وەرگرتنی وەڵام و ڕای بەڕێوەبەرەکانی نمونەی توێژینەوەکە، ئەوەش دوای ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی لە ڕێگەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

هەردو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەكانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە ناو و ناونیشان و ئەژماری پەیوەندی سەرجەم بەڕێوەبەری ئامادەیی و دواناوەندییەكان وەرگیران.

دوای جێبەجێكردنی ڕاپرسیەكە بەسەر نمونەی توێژینەوەكەدا، توێژەران داتاو زانیارییەكانیان بەتاڵكردەوە بە بەكارهێنانی بەرنامەی ئاماری تایبەت بە زانسە مرۆییەكان ( Statistical Package for Social Sciences– SPSS) شیكردنەوەیان بۆ زانیارییە كۆكراوەكان كرد.

## ٥.٥. ڕاستگۆیی توێژینەوەكە (الصدق):

بۆ دڵنیابونەوە لەسەر پێكهاتەو بڕگەكانی ڕاپرسیەكە، ڕاپرسیەكە بەسەر ژمارەیەك (كە حەوت كەسبون) لە شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەكانی دەرونزانی، پێوانەو هەڵسەنگاندن، ڕێگاكانی وانەونەوە، جوگرافیا، تەكنۆلۆجیای زانیاری و بەڕێوەبردنی پەروەردەییدا دابەشكرا بۆئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ سەرجەم بڕگەكانی ڕاپرسیەكە بكرێت لەڕوی پەسەندی و ناپەسەندی و هەروەها لەڕوی خاڵە بەهێزو لاوازەكانی بواری خاڵبەندی و زمانەوانییەوە. سەرئەنجامی وەرگرتنەوەی ڕایەكان توێژەران گەشتنە ئەو دەرئەنجامەی لەگەڵ بڕگەكانی ڕاپرسییەكە بەڕێژەی (٨٠٪) پەسەند بو هاوكات هەندێك لە بڕگەكان لابران و هەندێكی دیكەیان داڕشتنەوەی بۆكرایە، ئەمەو جگە لەوەی لەڕوی خاڵبەندی و وشەسازییەوە هەندێك لە بڕگەكان چاككرانەوە. لە كۆتایشدا توێژەران جارێكی دیكە لەبەر ڕۆشنای سەرنج و تێبینییەكانی شارەزایان دوبارە بڕگەكانیان بەشێوەیەكی گونجاو بە دروستی داڕشەوە (سەیری پاشكۆی (١) بكە).

## ٦.٥. جێگیری (نەگۆڕی) توێژینەوەكە (الثبات):

پاش بەهەند وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەكانی پسپۆڕان و شارەزایان و ڕاستكردنەوەو ڕێكخستنی كۆتایی بڕگەكانی ڕاپرسییەكە، توێژەران بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی كۆتایی لەسەر بڕگەكان بڕیاریاندا تاقیكردنەوەی جێگیری بڕگەكان بكەن، بۆئەوەش دوجار ڕاپرسییەكەیان تاقیكردەوە (Test– Retest) بەسەر (١٥) كەس لە نمونەی توێژینەوەكەدا لە دو كاتی جیاوازدا كە (١١) ڕۆژ لەنێوان هەردو تاقیكردنەوەكەدا هەبو، دوای كۆكردنەوەو داخڵكردنی ئەنجامی تاقیكردنەوەی یەكەم و دوەم بۆ هەر تاكێك لە نمونەی بەشداربوی تاقیكردنەوەكە، توێژەران بە بەكارهێنانی هاوكۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن (Correlation Coefficient–Pearson) جێگیری بڕگەكانی توێژینەوەكەیان بۆ دەركەوت كە كردیە (٨٥.٢٪) كە ڕێژەیەكی بەرزی پەسەندە بەگوێرەی سەرچاوە باوەكان (ابو حطب و اخرون، ١٩٩٧؛ دوران، ١٩٨٥).

## ٧.٥. ئامرازە ئامارییەكان:

توێژەران لەدوای كۆكردنەوەی هەمو وەڵامەكانی نمونەی توێژینەوەكە لەسەر بڕگەكانی ڕاپرسییەكە، وەڵامەكانیان گۆڕی بۆ شێوەی ژمارەیی و لە پرۆگرامی (SPSS) دا جێگرو ئامادەكران بۆ شیكردنەوە بەشێوەیەك



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

لەبری وەڵامەکان ژمارە لە شوێنیان دانرا بەشێوەی پلەبەندی لە ژمارە (٥) هەتاوەکو ژمارە (١)، بۆ ئەم کارەش لە بری "بەڕادەیەکی زۆر زۆر" ژمارە (٥) تۆمار کراو بەشێوەی پلەبەندی بەرەو خوارەوە هەتاوەکو دەگاتە نزمترین یان لاوازترین ئاست کە "زۆر کەم" کە ژمارە (١)ی بۆ دانراوە لە جێگایدا لەناو پرۆگرامی شیکردنەوەدا (سەیری خشتەی (٣) بکە).

هەروەها سود وەرگیراوە لە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Correlation Coefficient- Person) کە بەکارهات بۆ دۆزینەوە ئەنجامی جێگیری بڕگەکانی ئامرازی ڕاپرسیەکە کە تیایدا ئەنجام کردیەوە (٨٥.٢٪). یەکێکی دیکە لە تاقیکردنەوەکان (Two Way Anova without Replication) بو کە بەکارهات بۆ دۆزینەوەی ئاستی جیاوازی ڕایەکانی نێوان گروپە جیاوازەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەتایبەتی ئەو گروپانەی پەیوەندی بە خزمەتی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرەکانی نمونەی توێژینەوەکەوە هەبو وەک ئەوانەی خزمەتیان لە (٧ ساڵ بۆ ١١ ساڵ، ١١ ساڵ بۆ ١٦ ساڵ، ١٦ ساڵ بەرەو سەرەوە). جگە لەو تاقیکردنەوانەی سەرەوە.

## ٦. شیکردنەوەی زانیاری و گفتوگۆی ئەنجامەکان:

ئەم بەشە خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە کە توێژینەوەکە پێیگەشتوە دەربارەی وەڵامدانەوەی ئامانجی یەکەم) ئایا ئاستی توانستی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای سروشتی لەڕوی زانستی و پەروەردەییەوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران لە کاتی شیکردنەوەکەیاندا ئەم هەنگاوانەیان پەیڕەوکردوە بەم شێوەیە:

**یەکەم:** بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندی شیاوی بڕگەکان، توێژەران وەڵامە دوبارەکانی هەر بڕگەیەکیان لە بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسەکە بەپێی ڕەهەندە دانراوەکان کە (پێنج ڕەهەندبون) (بەرادەیەکی زۆر زۆر) (زۆر) (مامناوەند) (کەم) (زۆر کەم)، بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش لە بەرزترین ئاستدا (پێنج) نمرە دراوە بە ڕەهەندی یەکەم و لە نزمترین ئاستدا (یەک) نمرە دراوە بە ڕەهەندی پێنجەم وەک لە خشتەی (٣) دا دیارە،

خشتەی (٣) ڕونکردنەوەی نمرەکانی پێوەری ڕاپرسیەکە بەپلەبەندی بۆ هەر بڕگەیەک لەبڕگەکان

| پێوەر بەپلەبەندی | زۆر کەم | کەم | مامناوەندی | زۆر | بەرادەیەکی زۆر زۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی هەر پلەیەک بۆ پێوەر | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |

ناوەندی ژمێرەیی پێوەرە پێنج ڕەهەندییەکە دادەنرێت بە(٣)، کە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاواز، هەر بڕگەیەک ناوەندی شیاوەکەی (٣) یا بەرزتر بو ئەوا واتە لایەنی بەهێزی تەوەرەکانی ئامرازەکە دەنوێنێت، ئەگەر لە (٣) کەمتر بو واتە لایەنی لاوازی ئاستی تەوەرەکان دەردەخات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

**دوەم:** توێژەران پێیان باشبو هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان بەشێوەی لایەنە بەهێزەکان و لاوازەکان پێکەوە شیبکرێنەوەو بۆ ئەو مەبەستەش بەگوێرەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە زانیارییە کۆکراوەکان شیکردنەوەیان بۆکراوە وەک لە خوارەوە دیارە:

## ١.٦. هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی وانەی جوگرافیای سروشتیی لە ڕوی زانستیەوە:

لە خشتەی (٤) دا کە تایبەتە بەهەڵسەنگاندنی تەوەرە زانستی و پەروەردەییەکان کە پێکدێت لە (٥٣) بڕگەو تیایدا (٢٣) بڕگە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئەدای زانستی مامۆستایانی وانەی جوگرافیای سروشتیی پۆلی یازدەی ئامادەیی کە بڕگەکانی (٤، ١٢، ١٥، ١٦، ١٧، ٢١، ٢٢، ٣٠، ٣٢، ٣٥، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥٢، ٥٣) دەگرێتەوە. بەگوێرەی زانیارییە شیکراوەکان، دەردەکەوێت لە زۆرینەی بڕگە زانستیەکاندا {(١٤) بڕگە لە کۆی (٢٣) بڕگەی زانستی کە دەکاتە ٦٠.٩٪} هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای سروشی پەسەندی بەدەستهێناوە لە تێڕوانینی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرەکانیانەوە لەو لایەنانەش وەک بڕگەکانی (٤، ١٢، ١٥، ١٦، ١٧، ٢١، ٢٢، ٣٠، ٣٢، ٣٥، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣) بەشێوەیەک ناوەندی شیاویان لەنێوان (٣– ٤.٢٨) هەروەها کێشی سەدییان (٠.٦٠– ٠.٨٦)دایە، لەو لایەنانەش کەپەسەندی و شیاوییان بەدەستهێناوە بەپێی تێڕوانینی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەران بۆ ئەدای مامۆستایان بریتین لە (ئاسودەبون بەوتنەوەی بابەتی جوگرافیای سروشتی و هەبونی خۆشەویستی بۆ پیشەکەی، هەبونی شارەزایی لە بابەتەکەدا و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزاییان، هەبونی تواناو شارەزایی بۆ گەیاندنی بابەتەکان بەشێوەی زانستی، شیکردنەوەی چەمکە زانستیەکان بۆ فێرخوازان، بەدەمەوەچون و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی فێرخوازەکان، مامۆستا پسپۆڕی هەیە لە بابەتی وانەکەداو هەڵەو لێکدانەوە نازانستیەکان ڕاست و ڕوندەکاتەوە بۆ فێرخوازان، ڕێگە بەگفتوگۆی زانستیانە دەدات لەنێوان فێرخوازەکاندا، بەکارهێنانی ئەتڵەس و هۆیەکانی دیکەدا لە گەیاندن و ئاسانکردنی بابەتە زانستیەکاندا، هەبونی توانای هەڵسەنگاندن بۆ بابەتەکانی پەرتوکەک لەڕوی دەستنیشانکردنی لایەنە بەهێزو لاوازەکانییەوە، بەراوردکردنی بابەتەکانی پەرتوکەکە لەگەڵ سەرچاوە زانستییە تازەکانداو دیاریکردنی هەڵەکان بۆ خوێندکاران، ئەنجامدانی چالاکی نوسینی ڕاپۆرتی زانستی بەفێرخوازان یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ چۆنیەتی نوسینی، ئاگاداربون لە توێژینەوە تازەکان و نوێکردنەوەی زانیارییە کۆنەکانی پەرتوکەکە).

بەپێچەوانەشەوە لە هەندێک لە بڕگە زانستیەکاندا ئەدای مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای سروشتی لە ئاستێکی لاوازدایە لە تێڕوانینی بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارانەوە بەشێوەیەک ئەدای مامۆستایان لەو بڕگانەدا ناوەندی شیاویان لەخوار (٣) هەروەها ئەوانەی کە ئاستی لاوازیان بەدەستهێناوە وەک بڕگەکانی (٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥٢، ٥٣) هەروەها ناوەندی شیاویان لەنێوان (٢.١٥– ٢.٩٦) و کێشی سەدیان لەنێوان (٠.٤٣– ٠.٥٩)دایە. بەپێی تێڕوانینی بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیاران ئەدای زانستی مامۆستایانی جوگرافیای سروشتی لە کۆمەڵێک لایەنەوە لاوازەو شیاونین وەک (یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ چۆنییەتی نوسینی ڕاپۆرتەکانیان، ئەنجامدانی گەشتی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

زانستی بە فێرخوازەکان، ئاشناکردنی سەرچاوە زانستیەکان بەخوێندکاران لەناو پۆل و لەبارەی باسکردن و شیکردنەوەی بابەتەکان، هەروەها لەڕوی هاندانی فێرخوازەکان و بەرزکردنەوەی لایەنی زانستیان بە سەردانیپێکردنیان بۆ کتێبخانەکان و خوێندنەوەی سەرچاوەکانی دەرەوەی پەرتوکی خوێندن، لاوازی پەیوەندی ئاڵوگۆڕی زانیاری دەربارەی بابەتە زانستیەکان و چۆنیەتی وانەوتنەوەی بابەتەکانی پەرتوکەکە لەگەڵ مامۆستایانی هەمان بابەت لە ئاستی خوێندنگەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەریدا، لاوازی ئەدای مامۆستایان لە ئەنجامدانی چالاکی نوسین و هەڵواسینی پۆستەر لە چالاکیە زانستیەکاندا، بەکارنەهێنانی هۆیەکانی فێرکردن بەپێی پلان و بەرنامە تەکنۆلۆجیە گونجاو و بەردەستەکان، نەوتنەوەی بابەت و وانەکانی پەرتوکی جوگرافیای سروشتیی بەچالاکی جۆراوجۆر وەک (گفتوگۆ، چالاکی تاک، چالاکی بەشێوەی گروپ، زارەکی، تاقیگە، تەکنۆلۆجیا، بەردەوام نەبونی پرۆسەی فێرکردن لە دەرەوەی پۆل، بانگهێشتنەکردنی کەسانی پسپۆڕ لە لایەن مامۆستایانەوە بۆ باسکردنی بابەتە زانستیەکان و دەوڵەمەندکردنی تێڕوانین و تێگەیشتنی فێرخوازان).

لە م ئەنجامەوە دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەی ئەدای مامۆستایان لە زۆرێک لەلایەنە زانستییەکانەوە پەسەندو شیاوە لە تێڕوانینی بەڕێوەبەران و سەرپەرشیارەکانیانەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لایەنە زانسیانە زۆرن کە ئەدای مامۆستایان تیایاندا نەشیاو و لاوازە. لێرەوە دەتوانرێت ئەوە بوترێت کە ئەدای زانستی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای سروشتی ئەدایەکی تەواو و جێگیر نییەو کۆمەڵێک لایەنی زانستی هەیە دەبێت لەپلانی ماوە کورت و مامناوەندی چارەسەر یەکجاری بۆ بکرێت بۆئەوەی بەشێکی زۆری کێشەکانی پەروەردەو فێرکردن چارەسەر بکرێن و لەلایەکی دیکەوە بتوانرێت ئامانجە پەروەردەیی و زانستییەکان بهێنرێنەدی لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن و کایەی زانستیدا ئەوەش لە بەرئەوەی ئەو لایەنە لاوازانە پەیوەندی و کارلێک و کاریگەریان هەیە لەسەر لایەنەکانی دیکە بۆنمونە لە لایەک کاریگەریان هەیە لەسەر لایەنە زانستی و پەروەردەییەکانی تایبەت بە مامۆستا لەڕوی کەسایەتی و لێهاتویی و پلاندانان و ئامانجی مامۆستا، لەلایەکی دیکە کاریگەرییان لەسەر سیستەم و پرۆسەکانی پەروەردەو فێرکردن دەبێت، هەروەها لەڕویەکی دیکەوە کاریگەرییان لەسەر فێرخواز دەبێت. بەکورتی ئەو لایەنە لاوازە زانستیانەی لەسەرەوە باسکران کاریگەریی زۆر خراپ بەجێدەهێڵن لەسەر تەواوی پرۆسەو ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان کە بەکورتی دەکاتە ڕێکارەکانی (Input – Process – Output) واتە هەنگاوە سەرەتای و دەستپێکەکان دەگرێتەوە هەتاوەکو ئەنجام و دەستکەوتەکان.

## ٢.٦. هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی وانەی جوگرافیای سروشتیی لەڕوی پەروەردەییەوە:

بەگوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (٤) کە تیایدا (٣٠) بڕگە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئەدای پەروەردەیی مامۆستایانی وانەی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەی ئامادەیی کە بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٣، ١٤، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣١، ٣٣، ٣٤، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٥١) دەگرێتەوە، دەردەکەوێت لە زۆرینەی بڕگە پەروەردەییەکاندا {(٢٩) بڕگە لە لە کۆی (٣٠) بڕگەی پەروەردەیی کە دەکاتە ٩٦.٧٪} هەڵسەنگاندنی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

ئەدای مامۆستایان پەسەندی بەدەستهێناوە لە تێڕوانینی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرەکانیانەوە لەو لایەنانەش وەک بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٣، ١٤، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣١، ٣٣، ٣٤، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩) بەشێوەیەک ناوەندی شیاویان لەنێوان (٣.٢١– ٤.٥٩) و کێشی سەدیان (٠.٦٤– ٠.٩٢) دایە. لە و بڕگانەش وەک (پابەندبونی مامۆستا بە کاتەکانی دەوام، هەبونی پەیوەندی لەگەڵ هاوکاران و دەستەی کارگێڕی، گرنگیدان بەلایەنی تەندروستی پاکوخاوێنی فێرخوازەکان، کۆنترۆڵکردنی پۆل، بەستنەوەی وانەکان بە ژیانی ڕۆژانەی فێرخواز، خۆشەویستکردنی بابەتە زانستییەکان لای فێرخوازان، جیاوازینەکردن لەنێوان فێرخوازەکاندا، هەبونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و زانستی بۆ باشکردنی شێوازەکانی وتنەوەی بابەتەکان، دەستەبەرکردنی هۆکاری ئاسایش وئارامی دڵنیایی بۆ فێرخوازەکان، گرنگیدان بەلایەنی پاکو خاوێنی ڕێکخستنی پۆل، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی فێرخوازان، نەرمونیانی و ئارامگری و خۆڕاگری لەگەڵ فێرخوازەکان، گرنگیدان بەلایەنی پەروەردەیی و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵدان بۆ دابینکردنی پەیوەندی دروست لەنێوان فێرخوازەکان، هەبونی گیانی خۆشەویستی و هاوسۆز بون لەگەڵ خوێندکاردا، گرنگیدان بەڕواڵەت و جل و بەرگ، کارکردن بەپلان و دابەشکردنی کات و دورکەوتنەوە لە بەفیڕۆدانی کات، گەشەپێدان بە سەربەخۆی وئازادی ڕادەربڕین بڕوا بەخۆبون لای فێرخواز، هەبونی تواناو شارەزای هەڵسەنگاندنی فێرخوازەکان، گرنگیدان بە جیاوازی تاکایەتی نێوان فێرخوازەکان، بەکارهێنانی فیدباک لەگەڵ گەڕاندنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا بۆ خوێندکار، گوێگرتن لە ڕاوبۆچونی فێرخوازەکان، هەبونی پەیوەندی لەگەڵ کەسوکاری فێرخوازەکانداو دابینکردنی کەشێکی پەروەردەی چالاک بۆ پەروەردەو فێرکردن، هاندان و بەکارهێنانی پاداشت فێرخوازەکان بۆ فێرخواز، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی تواناو لێهاتوی فێرخواز، هەبونی شارەزای ولێزانی تەواو بۆ ئامادەکردنی پرسیارەکان، هەوڵدان بۆچاندنی بەها ئەرێنییەکان (هاوکاری، هاوڕێیەتی، ڕێزگرتن) و گرنگیدان بەبەهرەی فێرخوازان). لە بەرامبەریشدا لە کۆی بڕگە پەروەردەییەکان تەنها یەک بڕگە نەگونجاو و نەشیاو بو لە ئەدای مامۆستایان کە ئەویش بڕگەی (٥١)ەو پەیوەندیدارە بە (وتنەوەی وانەکان بەچالاکی جۆراوجۆری وەک (گفتوگۆ، چالاکی تاک، چالاکی بەشێوەی گروپ، زارەکی، تاقیگە، تەکنۆلۆجیا و تاقیگە) کە ناوەندی شیاوی دەگاتە (٢.٤٦) و هەروەها کێشی سەدیشی دەکاتە (٠.٤٩)، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت مامۆستایان وانەکانی بابەتی جوگرافیای سروشتی بە چالاکی جۆراوجۆر ناڵێنەوە یاخود بەکەمترین چالاکی دەڵێنەوە کە لایەنی لاوازی مامۆستایان دەردەخات بەرامبەر بە فێرخوازان و بابەتەکانی ناو پەرتوکەکە.

## ٣.٦. گفتوگۆی ئەنجامەکان:

شیکارییەکانی پەیوەست بە ئەدای مامۆستایان لەڕوی زانستی و پەروەردەییەوە ڕونی دەکاتەوە ئەدای مامۆستایان لەڕوی پەروەردەییەوە تا ئاستێکی زۆر شیاو و گونجاوە لە پرۆسەی پەروەردەو فێربونداو کاریگەرییە ئەرێنییەکانی دەبێتە مایەی زوترو زیاتر بەدەستهاتنی ئامانجە تایبەتەکانی مامۆستاو ئامانجە گشتی و تایبەتەکانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

کۆی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و لە کۆتایشدا فێرخوازان بەسەرکەوتنێکی زیاترەوە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا تێپەڕدەبن. لەم بارەیەوە، بەچاوخشاندنەوە بەسەرچاوە ڕەسەنە پەروەردەییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان دەردەکەوێت هەریەکە لەم کەموکورتییە زانستی و پەروەردەییانەی سەرەوە کاریگەری زۆر نەرێنی و خراپ بەجێدەهێڵن لەسەر گرنگی و ڕۆڵی کاریگەری پەروەردەو فێرکردن بۆنمونە الفقی (١٩٩٤: ٤١٢) لە باسی ڕۆڵ و ئەدای مامۆستا لەسەردەمی زانست و تەکنۆلۆجیادا لەپاڵ هۆکارەکانی دیکەدا ئاماژە بۆ هۆکارەکانی وەک هەبونی ڕۆڵی مامۆستا دەکات لە پەروەردەی نوێدا بەهەبونی پەیوەندی بەمامۆستایانی دیکەی هاوپیشەو ئاڵوگۆڕی شارەزایی و زانیاری نوێ و هەروەها لایەنێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە مامۆستایان ئەرکی پەروەردەی و زانستی سەرشانیان بزانن و بەردەوام بەدواداچون و هەڵسەنگاندنی ئەو ئەرکانە بکەن کە لەسەرشانیانە بۆئەوەی ئەدای خۆیان ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.

هەروەها سلێمان (٢٠٠٦) لە کتێبەکەیدا بەناوی ڕێگاکان و کێشەکانی خوێندنی هاوچەرخ پێیوایە سەرکەوتن و کارامەیی ئەداو هونەری وانەبێژی و وانەوتنەوەی مامۆستایان بەستراوەتەوە بە گونجاوی و ئاستبەرزی هەردو لایەنی زانستی و پەروەردەیی پێکەوە واتە بە تەنها لایەنێکیان ئەو سەرکەوتن و لێهاتوییە بەدەست نایەت بە واتایەکی دیکە سەرکەوتنی لایەنێکیان و فەشەلی لایەنێکی دیکەیان ئەنجامەکەی نەشیاوی ئەدای وانەوتنەوەی بەداوادا دێت کە کاردەکاتە سەر تەواوی پرۆسەی پەروەردەو فێربون. زیاتر لەوەش، ملحم (٢٠٠٥) لە کتێبەکەیدا بەناوی پێوانەو هەڵسەنگاندن لە پەروەردەو دەرونناسیدا، هەروەها البهواشی (٢٠٠٤) لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەبەر بەرزبونەوەی بەهاو گرنگی ڕۆڵی مامۆستا لە پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەتایبەتی لەم سەردەمی پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجیایەدا وادەخوازێت مامۆستا تەنها ڕۆڵی خۆی نەبینێتەوە لە پێشکەشکردنی زانیارییەکانی پەرتوکی خوێندندا، بەڵکو دەبێت لە ناو پۆڵ (بەوتنەوەی بابەتەکان بە چالاکی جۆراوجۆر، بەکارهێنانی سەرجەم هۆیەکانی فێربون، بەشدارپێکردن و گفتوگۆی پەروەردەیی و زانستی لەگەڵ فێرخوازەکاندا، ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی نێوان فێرخوازەکان و بەکارهێنانی ڕێکارە جۆراوجۆرەکانی بواری هەڵسەنگاندن لە دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخوازدا) و لە دەرەوەی پۆلیش (پەیوەندی بەستن لەگەڵ بەخێوکەرو بەرپرسانی فێرخوازان، ئەنجامدانی گەشتی زانستی پەروەردەیی بۆدەرەوەی پۆل، هەبونی پەیوەندی ڕاسەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەنێوان مامۆستایان و فێرخوازەکان لە ڕێگەی تۆڕو کەناڵە ئەلیکترۆنیەکانەوە، گەیاندنی ئەنجامی فیدباک و هەڵسەنگاندنەکان بەئیدارەی خوێندنگەو خێزانی فێرخوازەکان) چاودێری بەرەو پێشبردنی تواناو لێهاتوی و گەشەکردنە هزرییەکانی فێرخوازەکانی بکات.

بێجگە لەمانەش، عبیدات و ابوالسمید (٢٠٠٧) لە کتێبی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە لە سەدەی بیست ویەکدا: دەلیلی مامۆستاو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، هەروەها توێژەرانی وەک بایرکا (Byrka،2017) و سینگەرو ستۆیسکو (Singer and Stoicescu،2011) ئاماژە بۆ ئەو تایبەتمەندییە هاوچەرخانە دەکەن کە دەبێت جێگیر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

بکرێن وبنیات بنرێن لە ئەدای مامۆستایاندا بەشێوەیەک لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگونجێن، توێژەران بە ڕونی تیشکیان خستوەتەسەر ئەوەی دەبێت ئەدای مامۆستایان بگونجێت لەگەڵ خوێندنی جیاکاری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندکارە لاوازەکان، خوێندنی بەگروپ و هاوکاری، خوێندن بە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان و خوێندنی ئاوێتە بۆ باشتر گەیاندنی بابەتە زانستییەکان بە زیاتر لە ڕێگایەک وەک خوێندن لە پۆل و بەشێوەی ئۆنلاین و بە ئەلیکترۆنی و هەروەها لە حاڵەتی نەخوازراودا فێرخوازان و مامۆستایان و پرۆگرامی خوێندن دانەبڕێنرێن لە یەک.

لە توێژینەوەی خلف و هاوڕێکانی (٢٠١٩) ئەو ئەنجامەیان ڕونکردوەتەوە کە بەرزی و لێهاتوییە پەروەردەییەکانی مامۆستایان لە هۆکارە خێراکانن کە سەرکەوتن دەبەخشێت بە مامۆستایان بۆ زوتر گەشتن بە ئامانجە گشتی و ڕەفتارییەکان و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە لێهاتوییەکانی وەک پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن. هەروەها پیۆپیۆنیک و هانەشیک و وایدەرهۆلد (Piopiunik Hanushek and Wiederhold، 2014) لە توێژینەوەکەیاندا بەناوی "کاریگەری لێهاتوییەکانی مامۆستا لەسەر ئەدای فێرخوازان لە نێو دەوڵەتاندا" کە لەسەر فێرخوازانی نزیکەی (٢٢ وڵات) ئەنجامیاندابو، گەشتونەتە ئەو دەرئەنجامەی هەتاوەکو ئاستی لێهاتوییەکانی مامۆستایان بەرزترو باڵاتر بێت لێهاتوییەکانی فێرخوازان بەرزتر دەبێتەوەو ئاستی چالاکییەکانیان و کوالێتیەکانی پەروەردەو فێرکردن زیاتر ڕەنگدانەوە بەجێدەهێڵێت لەسەریان. هاوکات توێژینەوەکە ئەوەی دەرخست کە ئەدای مامۆستایان زۆر زیاتر لە هۆکارەکانی دیکەی وەک تایبەتمەندییەکانی قەبارەو ڕەنگی بیناو پۆلی خوێندن و پۆشین و شوێن و هەڵکەوتەی خوێندنگە (لەڕوی هەژارنشینی و دەست ڕۆشتو بونەوە)، خوێندەواربون یان نەبونی دایکو باوکی فێرخوازان کاریگەری هەیەو بەجێدەهێڵێت لەسەر فێرخوازان و ڕەنگدانەوەی گەورە دروست دەکات لە ئەدای فێرخوازاندا. کەواتە ئەو تایبەتمەندییە باشانەی مامۆستایان ئەتوانرێت ببێت بە هۆکاری بەرزکردنەوەی ئاست بەرزی ئەدای فێرخوازان، بەڵام بەمەرجێک سەرجەم تایبەتمەندییە لاوازو نەشیاوەکان کە لەلایەنی زانستییەوە بەدیدەکرێت لە ئەدای مامۆستایاندا فەراهەم بکرێت و بگۆڕدرێن بە تایبەتمەندی بەرزو لێهاتوی شیاو.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەرخستوە کە جیاوازی هەیە لە ئاستی ئەدای مامۆستایان لەڕوی پەروەردەیی و زانستیەوە بەوەی کە مامۆستایان لە تایبەتمەندییە پەروەردەییەکانیاندا تا ئاستێکی بەرز سەرکەوتو بون و کەمترین لایەنی پەروەردەییەی جێگای باشکردن و بەرزکردنەوەیە، بەپێچەوانەوە، لەڕوی زانستیەوە ئەدای مامۆستایان بەنزیکەی (٤٠٪) نەشیاوی و تێبینیان لەسەر بەدی دەکرێت واتە مامۆستایان لەڕوی پەروەردەییەوە سەرکەوتوترن تاوەکو لایەنی زاستی کە بێگومان ئەوەش بەربەستێکی خراپ دەبێت لە بەردەم گەیشتن بەو ئامانجە پەروەردەییانەی دامودەزگا پەروەردەییەکان دایان ناوە بۆئەوەی مامۆستایان لە ئەدایەکی بەرزدا لە فێرخوازاندا بیهێننەدی و لە لایەکی دیکەوە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەو فێرکردن لە هەر ناوچەیەکی ئەم جیهانەدا پەیوەندی بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

سەرکەوتنی هەردو لایەنی زانستی و پەروەردەیی هەیەو وەک دو دیوی دراوێک وان بەتەنها لایەنێکیان ئامانجەکان نایەنەدی.

بەگشتی، بۆ فەراهەمکردنی ئەدایەکی ئاست بەرزو شیاو بۆ مامۆستایان وفەراهەمکردن و چارەسەرکردنی ئەو گرفتە پەروەردەیی و زانستیانەوە کە لەسەرەوە باسکران دەبێت ئەدای مامۆستایان بەرزبکرێتەوە بەشێوەیەک لە هەمو بوارە پەروەردەیی و زانستیەکانەوە لە ناوخۆو دەرەوەی پۆلیش هەروەک ئەوەی شحاتە و النجار (٢٠٠٣) پێیانوایە ئەدای مامۆستایان ڕەفتاری مامۆستایان دەگرێتەوە لەناو پۆل و کاتی وانەوتنەوەو لەدەرەوەی پۆل، کە بێگومان وەک حمدان (١٩٨٥) دەڵێت هەمو ئەم کارانەش بە پلانێکی پەروەردەی و دابینکردنی خولی زانستی و پەروەردەیی دەکرێت بۆ مامۆستایان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ئەوەی لەلایەک مامۆستایان برەوی زیاتر بدەن بە ئەدای شیاوو گونجاویان و لەلایەکی دیکەوە چارەسەری ئەو لایەنە نەشیاو و ناپەسەندانە بکەن کە لە ئەدایاندا هەیە. لەکۆتایدا لە شیکارییەکانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو بەراوردکردنی بەسەرچاوە ڕەسەنەکان ئەوە ڕون دەبێتەوە پێویستە یەک بەیەکی ئەو گرفتە زانسی و پەروەردەییانەی لە ئەدای مامۆستایاندا بەدیدەکرێت لە تێڕوانینی بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارەکانیانەوە چارەسەری خێرایان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوە نەرێنییەکان لەسەر سیستەمی پەروەردەو فێرکردن و پێگەیاندنی فێرخوازان برەوێنرێنەوەو بگۆڕدرێن بە لێکەوتەی ئەرێنی.

خشتەی (٤) دەرخستنی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان لەلایەنی زانستی و پەروەردەییەوە

| ژ. | برگە | جۆری برگە | ناوەندی ژمێرەیی | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مامۆستا پابەندە بەکاتەکانی دەوام | پەروەردەیی | ٤.٥٩ | ٠.٩٢ | ١ |
| ٢ | پەیوەندی لەگەڵ هاوکارانی ودەستەی کارگێری هەیە | پەروەردەیی | ٤.٤٦ | ٠.٨٩ | ٢ |
| ٣ | گرنگی بەلایەنی تەندروستی پاکوخاوێنی فێرخوازەکان دەدات | پەروەردەیی | ٤.٤٠ | ٠.٨٨ | ٣ |
| ٤ | مامۆستا ئاسودەیە وتنەوەی بەپەرتوکەکە و بابەتە زانستیەکانی | زانستی | ٤.٢٨ | ٠.٨٦ | ٤ |
| ٥ | توانای کۆنترۆڵ کردنی پۆلی هەیە | پەروەردەیی | ٤.٢١ | ٠.٨٤ | ٥ |
| ٦ | مامۆستا وانەکان بەژیانی ڕۆژانەی خوێندکار دەبەستێتەوە | پەروەردەیی | ٤.١٨ | ٠.٨٤ | ٦ |
| ٧ | مامۆستا توانیویەتی بابەتە زانستیەکان خۆشەویست بکات لای خوێندکاران | پەروەردەیی | ٤.١٨ | ٠.٨٤ | ٦ |
| ٨ | جیاوازی لەنێوان فێرخوازەکان ورگەزە جیاوازەکان ناکات | پەروەردەیی | ٤.١٢ | ٠.٨٢ | ٧ |
| ٩ | مامۆستا بەردەوام لە پەیوەندیە لەگەڵ سەرپەرشتیاران پەروەردەیی و زانستی بۆ باشکردنی شێوازەکانی وتنەوەی بابەتەکان | پەروەردەیی | ٤.١٢ | ٠.٨٢ | ٧ |
| ١٠ | دەستەبەرکردنی هۆکاری ئاسایش وئارامی دڵنیای بۆفێرخواز کردوە | پەروەردەیی | ٤.٠٩ | ٠.٨٢ | ٨ |
| ١١ | گرنگی بەلایەنی پاکو خاوێنی ڕێکخستنی پۆل دەدات | پەروەردەیی | ٤.٠٩ | ٠.٨٢ | ٨ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | مامۆستا شارەزای هەیە لە پسپۆڕییەکەیداو هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خۆی دەدات | زانستی | ٤.٠٦ | ٠.٨١ | ٩ |
| ١٣ | هەوڵ بۆچارەسەری کێشەی فێرخوازەکان دەدات | پەروەردەیی | ٤.٠٣ | ٠.٨١ | ١٠ |
| ١٤ | لە گەڵ فێرخوازەکان نەرمونیان وئارام وخۆڕاگرە | پەروەردەیی | ٤ | ٠.٨٠ | ١١ |
| ١٥ | مامۆستا خۆشەویستی بۆکارو پیشەکەی هەیە | زانستی | ٤ | ٠.٨٠ | ١١ |
| ١٦ | مامۆستا تواناو شارەزای باشی هەیە لە بەکارهێنانی هۆکارە تەکنیکی و تەکنۆلۆجیەکان لە گەیاندنی بابەتە زانستیەکان | زانستی | ٣.٩٦ | ٠.٧٩ | ١٢ |
| ١٧ | شیکردنەوەی چەمکە زانستییەکان دەکات بۆفێرخوازان | زانستی | ٣.٩٦ | ٠.٧٩ | ١٢ |
| ١٨ | گرنگی بەلایەنی پەروەردەیی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەدات | پەروەردەیی | ٣.٩٢ | ٠.٧٨ | ١٣ |
| ١٩ | هەوڵی دابینکردنی پەیوەندی دروستی فێرخوازەکان دەدات | پەروەردەیی | ٣.٩٢ | ٠.٧٨ | ١٣ |
| ٢٠ | فێرخوازەکانی خۆشدەوێت و هاوسۆزە لەگەڵیان | پەروەردەیی | ٣.٩٠ | ٠.٧٨ | ١٤ |
| ٢١ | هەوڵیداوە بۆبەرزکردنەوەی ئاستی تێگەشتن وفێربونی فێرخواز | زانستی | ٣.٩٠ | ٠.٧٨ | ١٤ |
| ٢٢ | تاچەند مامۆستا پسپۆڕیەکەی نزیکە لە بابەتی جوگرافیای سروشتییە کە دەیڵێتەوە | زانستی | ٣.٩٠ | ٠.٧٨ | ١٤ |
| ٢٣ | مامۆستا گرنگی بەڕواڵەت و جلوبەرگی خۆی تا ئاستێکی گونجاو دەدات | پەروەردەیی | ٣.٩٠ | ٠.٧٨ | ١٤ |
| ٢٤ | کار بەپلان ودابەشکردنی کات ودورکەوتنەوە لە بەفیڕۆدانی کات دەکات | پەروەردەیی | ٣.٨٩ | ٠.٧٨ | ١٥ |
| ٢٥ | گەشەپێدان بەسەربەخۆی وئازادی ڕادەربڕین بڕوا بەخۆبون لای فێرخواز. | پەروەردەیی | ٣.٨٧ | ٠.٧٧ | ١٦ |
| ٢٦ | تواناو شارەزای هەڵسەنگاندنی فێرخوازەکانی هەیە | پەروەردەیی | ٣.٨٧ | ٠.٧٧ | ١٦ |
| ٢٧ | گرنگی بەجیاوازی تاکایەتی نێوان فێرخوازەکان دەدات | پەروەردەیی | ٣.٨٧ | ٠.٧٧ | ١٦ |
| ٢٨ | فیدباک بەکاردێنێت لەگەڵ گەڕاندنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا بۆ خوێندکار | پەروەردەیی | ٣.٨٠ | ٠.٧٦ | ١٧ |
| ٢٩ | گوێ لە ڕاو بۆچونی فێرخوازەکان دەگرێت | پەروەردەیی | ٣.٧٥ | ٠.٧٥ | ١٨ |
| ٣٠ | مامۆستا هەڵە زانستی و لێکدانەوەکان ڕاست دەکاتەوە بۆ فێرخوازان | زانستی | ٣.٦٥ | ٠.٧٣ | ١٩ |
| ٣١ | پەیوەندی لەگەڵ کەسوکاری فێرخوازەکاندا هەیە | پەروەردەیی | ٣.٥٦ | ٠.٧١ | ٢٠ |
| ٣٢ | ڕێگە بەگفتوگۆی زانستی نێوان فێرخوازەکان دەدات | زانستی | ٣.٥٣ | ٠.٧١ | ٢١ |
| ٣٣ | کەشێکی پەروەردەی چالاکی دابینکردوە بۆ پەروەردەو فێرکردن | پەروەردەیی | ٣.٤٦ | ٠.٦٩ | ٢٢ |
| ٣٤ | مامۆستا پەنا بۆ هاندان وپاداشتی فێرخوازەکان دەدات | پەروەردەیی | ٣.٤٠ | ٠.٦٨ | ٢٣ |
| ٣٥ | مامۆستا وێنە ئەتڵەس و هۆیەکانی دیکە بەکاردێنێت لە شیکردنەوەی بابەت و چەمکە زانستیەکاندا | زانستی | ٤٠ .٣ | ٠.٦٨ | ٢٣ |
| ٣٦ | هەوڵی دۆزینەوەی تواناو لێهاتوی فێرخوازەکان دەدات | پەروەردەیی | ٣.٣٧ | ٠.٦٧ | ٢٤ |
| ٣٧ | شارەزای ولێزانی تەواوی هەیە بۆ ئامادەکردنی پرسیارەکان | پەروەردەیی | ٣.٣٤ | ٠.٦٧ | ٢٥ |
| ٣٨ | هەوڵیداوە بۆچاندنی بەها ئەرێنییەکان (هاوکاری، هاورێیەتی، ڕێزگرتن) | پەروەردەیی | ٣.٢٥ | ٠.٦٥ | ٢٦ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٩ | گرنگی بەبەهرەی فێرخوازەکان دەدات | پەروەردەیی | ٣.٢١ | ٠.٦٤ | ٢٧ |
| ٤٠ | توانای هەڵسەنگاندنی هەیە بۆ بابەتەکانی پەرتوکەک لەڕوی دەستنیشانکردنی لایەنە بەهێزو لاوازەکانییەوە | زانستی | ٣.٢١ | ٠.٦٤ | ٢٧ |
| ٤١ | مامۆستا بەراوردی بابەتەکانی پەرتوکەکە دەکات لەگەڵ سەرچاوە زانستیە تازەکاندا و هەڵەکان بۆ خوێندکاران دیاری دەکات | زانستی | ٣.٠٩ | ٠.٦٢ | ٢٨ |
| ٤٢ | مامۆستا چالاکی نوسینی ڕاپۆرتی زانستی ئەنجام دەدات بەفێرخوازان | زانستی | ٣.٠٩ | ٠.٦٢ | ٢٨ |
| ٤٣ | مامۆستا ئاگاداری توێژینەوە تازەکانە و زانیارییە کۆنەکانی پەرتوکەکە تازە دەکاتەوە و بەخوێنکارانی ئاشنا دەکات. | زانستی | ٣ | ٠.٦٠ | ٢٩ |
| ٤٤ | مامۆستا یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ چۆنییەتی نوسینی ڕاپۆرتەکان | زانستی | ٢.٩٦ | ٠.٥٩ | ٣٠ |
| ٤٥ | گەشتی زانستی بەخوێندکارەکان دەکات | زانستی | ٢.٩٤ | ٠.٥٩ | ٣١ |
| ٤٦ | ئاشناکردنی سەرچاوە زانستیەکان بەخوێندکاران لەناو پۆل و لە بارەی باسکردن و شیکردنەوەی بابەتەکاندا | زانستی | ٢.٩٣ | ٠.٥٩ | ٣٢ |
| ٤٧ | مامۆستا هانی خوێندکارەکان دەدات بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی زانستیان بەسەردانی پێکردنیان بۆ کتێبخانەکان | زانستی | ٢.٨١ | ٠.٥٦ | ٣٣ |
| ٤٨ | مامۆستا پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕی زانیاری دەربارەی بابەتە زانستیەکان و چۆنییەتی وانەوتنەوەی هەیە لەگەڵ مامۆستایانی هەمان بابەت لە ئاستی خوێندنگەکانی شاری سلێمانی ودەوروبەریدا. | زانستی | ٢.٧١ | ٠.٥٤ | ٣٤ |
| ٤٩ | جێگای چالاکی نوسین و هەڵواسینی پۆستەری کردوەتەوە لە چالاکیە زانستیەکاندا | زانستی | ٢.٦٨ | ٠.٥٤ | ٣٥ |
| ٥٠ | بەپێی پلان و بەرنامە تەکنۆلۆژیای گونجاو وهۆی فێرکردنی بەکارهێناوە | زانستی | ٢.٥٠ | ٠.٥٠ | ٣٦ |
| ٥١ | مامۆستا وانەکان بەچالاکی جۆراوجۆر دەڵێتەوە وەک (گفتوگۆ، چالاکی تاک، چالاکی بەشێوەی گروپ، زارەکی، تاقیگە، تەکنۆلۆجیا) | پەروەردەیی | ٢.٤٦ | ٠.٤٩ | ٣٧ |
| ٥٢ | دوای خوێندنی ناوپۆل مامۆستا بەردەوامە لە پرۆسەی فێرکردن لە دەرەوەی پۆلیش | زانستی | ٢.١٥ | ٠.٤٣ | ٣٨ |
| ٥٣ | مامۆستا کەسی شارەزا و پسپۆڕ بانگهێشت دەکات بۆ باسکردنی بابەتە زانستیەکان بۆمەبەستی دەوڵەمەند کردنی تێڕوانین و تێگەیشتنی فێرخوازان | زانستی | ٢.١٥ | ٠.٤٣ | ٣٨ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

## ٤.٦. بەراوردی تێڕوانینی نێوان بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیاران لەسەر ئەدای مامۆستایان بەپێی جیاوازی ئەزمون و سالآنی خزمەت:

شێوەی (١) ئەنجامی، تاقیکردنەوەی (Two Way Annova without Replication) بۆزانینی ئاستی جیاوازی ڕای نمونەی توێژینەوەکە (بەپێی سالآنی ئەزمون و خزمەتیان) لەسەر ئەدای مامۆستایان.

ANOVA

| Source of Variation | SS | df | MS | F | P-value | F crit |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Rows | 29.59984 | 51 | 0.580389 | 6.99139 | 5.24E-11 | 1.591972 |
| Columns | 1.382061 | 1 | 1.382061 | 16.64837 | 0.000158 | 4.030393 |
| Error | 4.233756 | 51 | 0.083015 | | | |
| Total | 35.21565 | 103 | | | | |

سەبارەت بە وەڵامی ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە سەبارەت بە هەبون یاخود نەبونی جیاوازی تێڕوانینی نێوان بەڕێوەبەران و سەرپەرەشتیاران {بەپێی جیاوازی ئەزمون و سالآنی خزمەت (کەمتر لە ١١ ساڵ، ١١-١٦ ساڵ، ١٦ساڵ زیاتر) } لەســەر ئەدای مامۆستایانی وانەی جوگرافیای سروشتیی قۆناغی یازدەی وێژەیی، لەسەر تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە. وەک لە شێوەی (١) ڕونکراوەتەوە. بەگوێرەی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی (Two Way Annova without Replication) (کە تیایدا بەهای (P) گەورەتر بو لە بەهای ستاندارد (٠، ٠٥) – (P-value (5. 28) > 0. 05) ئەوە دەرکەوت کە هیچ جیاوازیەک نییە لە تێڕوانینی مامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکە لەنێوان ئەو گروپانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، بەمانایەکی دیکە ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت تاڕادەیەکی زۆر تێڕوانینی هاوبەش هەیە لەنێوان مامۆستایانی خاوەن ئەزمون و خزمەتە جیاوازەکان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی بابەتی جوگرافیایی سروشتیی.

## ٧. پوختەو ئەنجام:

### ١.٧. پوختەی گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە:

- ئەدای مامۆستایان لەلایەنی زانستی و پەروەردەییەوە لاوازی و نەشیاوی تیادایە بەگوێرەی ڕای بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارەکانیان بۆ ئەم مەبەستە لەڕوی زانستیەوە نەشیاوی و نەگونجاوی بەرێژەی (٣٩.٢٪) تیادا هەروەها لەڕوی پەروەردەیشەوە ئەدای مامۆستایان بە ڕێژەی (٣.٣٪) نەشیاوی و لاوازی تیادایە.
- لە ئەنجامی بەراوردی ئەدای مامۆستایان لە هەردو لایەنی زانستی و پەروەردەییەوە ئەوە دەرکەوت کە لایەنی پەروەردەیی مامۆستایان لە پێشترو شیاوترە بەراورد بە لایەنی زانستیان ئەوەش بەبەڵگەی ئەوەی لەلایەک وەک لە خشتەی (٤) دا دیارە زۆرینەی بڕگەکانی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان لەڕوی پەروەردەییەوە لە پلە و ڕێژەی شیاوی و ئاستی بەرزدان بەراورد بە بڕگە زانستییەکان، لەلایەکی دیکەوە لەخودی هەریەکە لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

و لایەنانەشدا جیاوازی هەیەوە بۆ نمونە ڕێژەی (٣٩.٢٪) لەلایەنە زانستییەکان نەشیاو لاوازن لە کۆی سەرجەم بڕگە زانستییەکان، بەڵام ڕێژەی (٣.٣٪) لەبڕگە پەروەردەییەکان نەشیاو لاوازن لە کۆی هەمو بڕگە پەروەردەییەکان.

- لەڕوی زانستیەوە ئەدای مامۆستایان لەم لایەنانەوە شیاو و بەهێزە وەک (ئاسودەبون بەوتنەوەی بابەتی جوگرافیای سروشتیی و هەبونی خۆشویستی بۆ پیشەکەی، هەبونی شارەزایی لە بابەتەکەداو هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزاییان، هەبونی تواناو شارەزایی بۆ گەیاندنی بابەتەکان بە شێوەی زانستی، شیکردنەوەی چەمکە زانستیەکان بۆ فێرخوازان، بە دەمەوەچون و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی فێرخوازەکان، مامۆستا پسپۆڕی هەیە لە بابەتی وانەکەداو هەڵەو لێکدانەوە نازانستیەکان ڕاست و ڕوندەکاتەوە بۆ فێرخوازان، ڕێگە بە گفتوگۆی زانستیانە دەدات لەنێوان فێرخوازەکاندا، بەکارهێنانی ئەتڵەس و هۆیەکانی دیکە لە ئاسانکردنی بابەتە زانستیەکاندا، هەبونی توانای هەڵسەنگاندن بۆ بابەتەکانی پەرتوکەکە وەک دەستنیشانکردنی لایەنە بەهێزو لاوازەکانییەوە، بەراوردکردنی بابەتەکانی پەرتوکەکە لەگەڵ سەرچاوە زانستیە تازەکانداو دیاریکردنی هەڵەکان بۆ خوێندکاران، ئەنجامدانی چالاکی نوسینی ڕاپۆرتی زانستی بە فێرخوازان یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ چۆنییەتی نوسینی، ئاگاداربون لە توێژینەوە تازەکان بۆ نوێکردنەوەی زانیارییەکانی پەرتوکەکە).
- لەڕوی زانستییەوە، ئەدای مامۆستایان لەم لایەنانەوە نەشیاو و لاوازە وەک (یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ چۆنییەتی نوسینی ڕاپۆرتەکانیان، ئەنجامدانی گەشتی زانستی بە فێرخوازەکانی، ئاشناکردنی سەرچاوە زانستییەکان بە خوێندکاران لە ناو پۆل و لەبارەی باسکردن و شیکردنەوەی بابەتەکان، هەروەها لەڕوی هاندانی فێرخوازەکان و بەرزکردنەوەی لایەنی زانستیان بەسەردانی پێکردنیان بۆ کتێبخانەکان و خوێندنەوەی سەرچاوەکانی دەرەوەی پەرتوکی خوێندن، لاوازی پەیوەندی ئاڵوگۆڕی زانیاری دەربارەی بابەتە زانستییەکان و چۆنیەتی وانەوتنەوەی بابەتەکانی پەرتوکەکە لەگەڵ مامۆستایانی هەمان بابەت لە ئاستی خوێندنگەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەریدا، لاوازی ئەدای مامۆستایان لەبواری ئەنجامدانی چالاکی نوسین و هەڵواسینی پۆستەر لە چالاکیە زانستیەکاندا، بەکارنەهێنانی هۆیەکانی فێرکردن بەپێی پلان و بەرنامە تەکنۆلۆجیە گونجاو و بەردەستەکان، نەوتنەوەی بابەت و وانەکانی پەرتوکی جوگرافیای سروشتیی بە چالاکی جۆراوجۆر وەک (گفتوگۆ، چالاکی تاک، چالاکی بەشێوەی گروپ، زارەکی، تاقیگە، تەکنەلۆجیا، بەردەوامنەبونی پرۆسەی فێرکردن لە دەرەوەی پۆل، بانگهێشتنەکردنی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەلایەن مامۆستایانەوە بۆ باسکردنی بابەتە زانستییەکان بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی تێڕوانین و تێگەیشتنی فێرخوازان).
- لە ڕوی پەروەردەییەوە ئەدای مامۆستایان لەم لایەنانەوە بەهێزو شیاوە وەک (پابەندبونی مامۆستا بەکاتەکانی دەوام، هەبونی پەیوەندی لەگەڵ هاوکاران و دەستەی کارگێڕی، گرنگیدان بەلایەنی تەندروستی پاکوخاوێنی فێرخوازەکان، کۆنترۆڵکردنی پۆل، بەستنەوەی وانەکان بە ژیانی ڕۆژانەی فێرخواز، خۆشەویستکردنی بابەتە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

زانستییەکان لای فێرخوازان، جیاوازینەکردن لەنێوان فێرخوازەکاندا، هەبونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ سەرپەرشتیاران پەروەردەیی و زانستی بۆ باشکردنی شێوازەکانی وتنەوەی بابەتەکان، دەستەبەرکردنی هۆکاری ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی بۆ فێرخوازەکان، گرنگیدان بەلایەنی پاکوخاوێنی ڕێکخستنی پۆل، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی فێرخوازان، نەرمونیان و ئارامگرو خۆڕاگری لەگەڵ فێرخوازەکان، گرنگیدان بە لایەنی پەروەردەیی و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵدان بۆ دابینکردنی پەیوەندی دروست لەنێوان فێرخوازەکان، هەبونی گیانی خۆشەویستی و هاوسۆزبون لەگەڵ خوێندکاردا، گرنگیدان بە ڕواڵەت و جلوبەرگ، کارکردن بە پلان و دابەشکردنی کات و دورکەوتنەوە لە بەفیڕۆدانی کات، گەشەپێدان بەسەربەخۆی وئازادی ڕادەربڕین بڕوابەخۆبون لای فێرخواز، هەبونی تواناو شارەزای هەڵسەنگاندنی فێرخوازەکان، گرنگیدان بە جیاوازی تاکایەتی نێوان فێرخوازەکان، بەکارهێنانی فیدباک لەگەڵ گەڕاندنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا بۆ خوێندکار، گوێگرتن لە ڕاوبۆچونی فێرخوازەکان، هەبونی پەیوەندی لەگەڵ کەسوکاری فێرخوازەکانداو دابینکردنی کەشێکی پەروەردەی چالاک بۆ پەروەردەو فێرکردن، هاندان و بەکارهێنانی پاداشت فێرخوازەکان بۆ فێرخواز، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی لێهاتوی فێرخواز، هەبونی شارەزای و لێزانی تەواو بۆ ئامادەکردنی پرسیارەکان، هەوڵدان بۆ چاندنی بەها ئەرێنییەکان (هاوکاری، هاورێیەتی، ڕێزگرتن) و گرنگیدان بە بەهرەی فێرخوازان).

- لەڕوی پەروەردەییەوە توێژینەوەکە گەشتوە بەو ئەنجامەی ئەدای مامۆستایان لە یەک لایەنەوە نەشیاو و لاوازە کە ئەویش پەیوەندیدارە بە (وتنەوەی وانەکان بەچالاکی جۆراوجۆری وەک (گفتوگۆ، چالاکی تاک، چالاکی بەشێوەی گروپ، زارەکی، تاقیگە، تەکنۆلۆجیا و تاقیگە)).

### ٢.٧. ڕاسپاردەکان:

- بۆ پڕکردنەوەی تایبەتمەندییە لاوازە زانستی و پەروەردەییەکانی مامۆستایان هەوڵبدرێت مامۆستایان بەشداری خولی زانستی و پەروەردەیی بکرێن بەشێوەیەک خولەکان لە لایەن پسپۆڕای زانستی و پەروەردەییەوە سەرپەرشتی بکرێن و بوترێنەوە.
- پرۆگرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەک ئاڕاستەبکرێن هانی مامۆستایان بدات لە پڕکردنەوەی لایەنە لاوازو نەشیاوە زانستی و پەروەردەییەکان و کەمکردنەوەو نەهێشتنی کاریگەری ئەو لایەنە لاوازانە لەسەر مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و فێرخوازان.
- هەوڵبدرێت هاوکاری و هاندانی مامۆستایان بکرێت لەڕوی ماددی و مەعنەوییەوە بۆئەوەی مامۆستایان پاڵنەری بەهێزو بەردەوامیان هەبێت بۆ خۆتازەکردنەوەو خۆبەهێزکردنەوە لە هەردو لایەنی زانستی و پەروەردەییەوە بەشێوەیەک مامۆستا خۆویستانە لە کاتی نەبونی دەوام و پشوەکاندا بەردەوامبن لەسەر خۆپێگەیاندن.
- مامۆستایان بەشداری پێبکرێن لە دانانی پرۆگرامەکانی پەروەردەو فێرکردندا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

### ٣.٧. پێشنیارەکان:

- هانی توێژەران بدرێت لە ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت بەهەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان بۆئەوەی کێشەو کەموکورتییەکان خێراتر بدۆزرێنەوە و چارەسەر بکرێن.
- خولی بەردەوام بکرێتەوە لە خوێندنگاکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئەدای مامۆستیان لەلایەن کەسانی پسپۆر شارەزا.
- هەڵسەنگاندنەکان بەردەوام بن لەلایەن سەرپەرشتیارو بەڕێوبەران بەمەبەستی دەرخستنی کێشەکان و چارەسەرکردنیان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

# Evaluating the performance of teachers of natural geography lessons in the high schools in the view of educational supervisors and school administrators

**Kurdistan Muhammed Azad[1] - Nabard Jabar Hassan[2]**

[1+2]Social Sciences Department, College of Basic Education، University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The aim of this study is to evaluate the performance of teachers of natural geography lessons in high schools in central Sulaymaniyah from the perspective of supervisors and managers for the year (2020-2021) based on the descriptive and analytical methods. The research community consists of all directors and education supervisors in both eastern and western educations، the study's sample of which is (47) participants. In order to collect data, the content of the closed survey form was 23 items in two scientific topics and 30 items in education, which totaled 53 items. After extracting the reliability of the scale by experts، its stability was also taken out based on the Pearson formula. Then، by applying survey upon the research sample and analyzing the collected data using tests such as (Two Way Annova without Replication، apporiate mean، weight percent) some important results were presented using the (SPSS). One of the most important results is that there is a difference between teachers' performance in terms of science and education in a way that the scientific aspects are weaker than the educational aspects، and there is no difference between supervisors and managers in their view of teachers' performance according to their level and years of experiencesgiving that the (P-value (5. 28) > 0. 05). Opening special courses، seminars and workshops are considered the best steps to eliminate teachers' scientific and educational weaknesses.

**Keywords:** Evaluation، Teaching Performance، High Schools, Educational Supervisor.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2**

## سەرچاوەکان

ابو سمور، حسن و غانم، علی (٢٠١٢). دەروازەیەک بۆ زانستی جوگرافیای سروشتیی، وەرگێڕانی ئوسامە ئەشرەف محمەد هەڵبجەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین.

الزغلول، عماد عبدالرحمن (٢٠١٥). بنەما سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، وەرگێڕانی ئارام شوانی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر. قادر، ڕەمەزان حەمەدمین، (٢٠١٤) ڕێگەو شێوازە تیۆری پرکتیکییەکانی وانەوتنەوە.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠٠٨) سایکۆلۆژیای پەروەردەی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

قەرەداغی، هۆمەر (٢٠٠٥)، سیستەمی فێرکاری، م.

سوەیلی، ئیدریس (٢٠١٧)، مامۆستای کارامەو وانەوتنەوەی سەرکەوتوو، چوارچرا، سلێمانی،چ٢

ڕەسوڵ، ابراهیم ڕەسوڵ (٢٠١٤). دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر.

حسن، عبدالله (٢٠١٣). بنەمای وانەوتنەوەی سەرکەوتوو، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

قادر، ڕەمەزان حەمەدامین (٢٠١٦). پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چ١. کتێبخانەی سۆفیا، کۆیە.

عبدالعزیز، محمد (٢٠١٠). ئینسایکلۆپیدیای جوگرافیا، وەرگێڕانی بەرزان ئەمین ئەحمەد، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی

عزیز، کریم احمد (٢٠١٤). بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چ١، هەولێر.

قادر، ڕەمەزان حەمەد امین (٢٠١٨). ڕێگاکانی وانە وتنەوە، چ٢، کتێبخانەی سۆفیا، کۆیە.

إسماعيل، بهجت محمود بهجت (٢٠١٨). تقويم مهارات تدريس التكنولوجيا لدى الطلبة المعلمين بالجامعة الإسلامية في ضوء المعايير العالمية للأداء، رسالة ماجستر غير منشورة.

ابو حطب، فؤاد وآخرون (١٩٩٧). التقويم النفسي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

الاسدي، زينة جبار غني والعرنوسي، ضياء عويد حربي (٢٠٠٩) المهارات التدريسية اللازمة لمدرسي ومدرسات اللغة العربية في المرحلة الإعدادية من وجهة نظرهم بحث غيرمنشورة، جامعة بابل، كلية التربية الأساسية، العراق.

الأغا، عبد المعطي رمضان (٢٠١٤)، الإتجاهات المعاصرة في تقويم أداء المعلم المؤتمر السادس عشر (تكوين المعلم) - الجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس- المجلد الأول – دار الضيافة جامعة عين شمس-الفترة من ٢١-٢٢ يوليو

الهواشي، السيد عبد العزيز (٢٠٠٤)، تصور مقترح لتطوير النمو المهي فى ضوء التغيرات المستقبلية فى وظائف وأدوار المعلم وتجارب بعض الدول – المؤتمر السادس عشر الجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس( تكوين المعلم) - دار الضيافة جامعة عين شمس ٢١-٢١ يوليو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2

الجبوري، سعد جويد كاظم (٢٠٠٩) تقويم أداء عضو بيئة تدريس التاريخ في ضوء التدريس الفعال، بحث غير منشوره، جامعة كربـلاء، كمية التربية. قسم التربية وعمم النفس، العراق.

حجي، أحمد إسماعيل (٢٠٠٤)، تكوين المعلم متى ؟ولماذا ؟ وكيف يتم عندنا في ضوء ما يفعله الآخرون – المؤتمر العلمى السادس عشر للجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس (تكوين المعلم) – دار الضيافة جامعة عين شمس ٢١ – ٢٢ يوليو

الحسن، إحسان محمد و زويني، عبد الحسين (١٩٨٨). الإحصاء الاجتماعي، مطبعة الموصل-العراق.

حمدان، محمد زياد (١٩٨٣) ادوات ملاحظة التدريس مفاهيمها استعمالاتها فى تحسين التربية المدرسية – جدة السعودية.

دوران، رودني (١٩٨٥). القياس والتقويم في تدريس العلوم، دار الأمل، الاردن- عمان.

السعود، راتب (٢٠٠٢) الاشراف التربوى اتجاهات حديثه، عمان، الاردن، ط١

السعيد، سعيد محمد (٢٠٠٢)، الكلمة الافتتاحية فى المؤتمر العلمي الرابع عشر للجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس (مناهج التعليم فى ضوء مفهوم الأداء)، كلية التربية جامعة عين شمس: ٢٥–٢٦ يوليو.

سكر واخرون، نائلة نجيب الخزندار وناجي رجب سكر (٢٠٠٥)، تقويم اداء الطلبة المعلمين فى كليات التربية بجامعة الاقصى في ضوءكفايات لازمة لمعلم المستقبل – مجلة التربية العلمية تصدرها الجمعية المصرية للتربية العلمية- المجلد الثامن – العدد الرابع – كلية التربية جامعة عين شمس – ديسمبر.

سليمان، محمود داؤود (٢٠٠٦)، طرائق وأساليب التدريس المعاصرة – إربد الأردن عالم الكتب الحديث.

شحاتة، حسن، والنجار، زينب (٢٠٠٣)، معجم المصطلحات التربوية والنفسية، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية.

صليبا، جميل (١٩٨٧). اساليب البحث العلمي، بيروت، لبنان، منشورات عويدات، ط٣.

طعيمة، رشدي أحمد (٢٠٠٦)، المعلم (كفياتة، أعدادة، تربية)، ط١، دار الفكر العربي، مدينة نصر، مصر.

الطيبي، منال (٢٠٠٥). المعوقات التي يواجهها طلبة الصف العاشر ومعلميهم في تعلم وتعليم، مبحث الحاسوب في محافظة نابلس. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين.

عثمان، محمد (٢٠٠٥) أساليب التقوم التربوى، دار أسامه للنشر والتوزيع، عمان- الاردن

عبد الجواد، مختار (٢٠٠٣)، المؤشرات التربوية وتقويم أداء معلم التعليم في مصر في عصر المعلومات – المؤتمر السنوى الحادي عشر لجمعية التربية المقارنة (نظم تقويم الأداء المدرسي في الوطن العربى في عصر المعلومات) – القاهرة – دار الفكر العربى – ٢٥ – ٢٦ يناير.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2**

عبيدات، ذقان و ابو السميد، سهيلة (٢٠٠٧) ، استراجيتيات التدريس فى قرن الحادى والعشرون دليل المعلم والمشرف التربوي، الطبعة الاولى. دار الفكر، دمشق سوريا.

الفقي، عبد المؤمن فرج (١٩٩٤)، الإدارة المدرسية، الطبعة الأولى – بنغازي – منشورات جامعة قار يونس.

كاظم، نغم محمود عبد (٢٠٠٤) ، اثر استعمال التقنيات التعليمية في تحصيل طالبات الصف الخامس الإعدادي في مادة التربية الإسلامية، جامعة بغداد، كلية التربية ابن رشد، رسالة ماجستير غير منشورة.

الكلوب ، بشير (١٩٩٣) ، التكنولوجيا في عملية التعليم والتعلم ، عمان ، دار الشروق.

محسن علي عطية (٢٠٠٨) : "الاستراتيجيات الحديث في التدريس الفعال"، طبع الأولى، دار الصفاء.

محمود، صلاح الدين (٢٠٠٥)، "تعليم االجغرافيا في عصر المعلومات"، القاهرة، عالم الكتب، الأردن: دار الأمل.

المصرى، احمد محمود (١٩٩٧). دراسة مسحية للصعوبات والمشاكل التى يواجهها طلبة الصف العاشر في محافظة اربد في تعليم المادة الحاسوبية من وجهة نظر المعلمين والطلبة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة اليرموك، اربد، الاردن.

ملحم، سامى محمد (٢٠٠٥)، القياس والتقويم فى التربية وعلم النفس – الطبعة الثالثة – عمان الأردن – دار المسيرة للنشر والتوزيع.

وهبي، السيد إسماعيل (٢٠٠٢)، إتجاهات معاصرة فى تقويم اداء المعلم – المؤتمر العلمي الرابع عشر للجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس (مناهج التعليم في ضوء مفهوم الأداء) - جامعة عين شمس القاهرة – ٢٤ —– ٢٥ يوليو.

Babble. Earl (1986) ، the Practice of Socail Resarch، Thed، Wad Sworth Belmont، Calif.

Byrka، Marian. (2017). Blended Learning Strategy in Teacher Training Programs. Information Technologies and Learning Tools. 62. 216. 10. 33407/Itlt. V62i6. 1802.

De Blij، H. J. ، Alexander B. Murphy، and Erin H. Fouberg 2007. *Human Geography: People، Place and Culture*، Eighth Edition. Hoboken، NJ: John Wiley & Sons.

Getis، Arthur، Judith Getis، and Jerome D. Fellmann. 2004 *Introduction to Geography*، Ninth Edition. New York: Mcgraw Hill.

Knox، Paul L. And Sallie A. Marston 2004. *Places and Regions in Global Context: Human Geography*، Third Edition. Upper Saddle River، NJ: Pearson Prentice Hall.

Natolia، Salvatore J 1994. Guidelines for Geographic Education and the Fundamental Themes in Geography. *Journal of Geography* 93 (1) ، 2-6.

Piopiunik، Marc; Hanushek، Eric A.; Wiederhold، Simon (2014): The Impact of Teacher Skills on Student Performance across Countries، Beiträge Zur Jahrestagung Des Vereins Für Socialpolitik 2014: Evidenzbasierte Wirtschaftspolitik - Session: Education I، No. A18-V3، ZBW



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2**

Rubenstein، James M 2005. *An Introduction to Human Geography: The Cultural Landscape*، Eighth Edition. Upper Saddle River، NJ: Pearson Prentice Hall.

Singer، F. M. ، & Stoicescu، D (2011). Using Blended Learning as a Tool to Strengthen Teaching Competences. Procedia Computer Science Journal، 3، 1527–1531.

## پاشکۆی توێژینەوەکە:

### ١. لیستی ناوی شارەزایان:

| پاشکۆی (١) پێکدێت لەلیستی ناوی شارەزایان کە لە هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی ڕاپرسی توێژینەوەکەدا بەشداربوون و سودیان لێوەرگیراوە | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی شارەزایان | پلەی زانستی | پسپۆری | شوێنی کار |
| پ.د. جواد نعمت حسين | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی هونەر | زانکۆی سلێمانی |
| پ.د. سابیر بوکانی | پرۆفیسۆر | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی |
| پ.د. سولاف فایەق محمد | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانە وتنەوەی بایلۆجی | زانکۆی سلێمانی |
| پ.د .حسن فخرالدين | پرۆفیسۆر | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی |
| پ.د.ئیلهام عبدالجبار | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوەـکوردی | زانکۆی سلێمانی |
| پ.ی. د. فواد خالد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | جوگرافیا | زانکۆی سلێمانی |
| م.ی. سوران محمد | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێکاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper2